IJOKS
ISSN: 2149-2751
e-ISSN: 2149-2751
International Journal of Kurdish Studies

**Article**

**International Journal of Kurdish Studies**
6 (2), pp. 222– 243
http://ijoks.com

# Concepts of Nationalism and Rights of Citizenship in the Ottoman State and Nations of the Empire 1789 – 1908

***Fahir A. MIRHAN***[1]

**Received**: May 31, 2020 **Reviewed**: June 26, 2020 **Accepted**: Jul 15, 2020

## Abstract

From ancient times, civil conflicts have competed for the sake of expanding their hegemony of power over spheres such as the economic, political, religious, racial, and social. These conflicts compounded with nationalist thought in general were seen as dimensions of wars and conflicts in the 18th, l9th and 20th centuries. Against the historical background of the emergence of nationalistic concepts and concepts of the rights of citizens in nation-states, this study delves into the reasons for the Ottoman mindset and movements. Ottoman concepts in the Ottoman state affected the life-style and thought of individual nations within the Empire; the resultant clash and conflicts with external regional aspirations then played a role in the rise of nationalistic thought in the Ottoman state and nations of the Empire.

**Keywords:** Ottoman nationalism, Ottoman Empire, Ottoman concepts of citizenship, Expansion of the hegemony of power, Linguistic verifications

**Recommended citation:**
Mirhan, F.A. (2020). Concepts of Nationalism and Rights of Citizenship in the Ottoman State and Nations of the Empire 1789 – 1908. *International Journal of Kurdish Studies* 6 (2), 222 – 243,
**DOI**: **https://doi.org/10.21600/ijoks. 745840**

[1] Ph.D. Candidate, Sakarya University, Institute of Social Sciences, Department of History, Academic Staff at Soran University, KRG, Iraq, E-mail: Fa.mirhan@yahoo.com / Fakhir.ababakr@soran.edu.iq
**ORCID ID**: 0000-0001-9315-2713

## نەتەوەگەرایی و مافی هاوڵاتیبوون لە دەوڵەتی عوسمانی دا

## 1908 – 1789

**فاخر عالی عبابکر میرخان**

**قوتابی دکتورا لە زانکۆی سەکاریا / ماموستای یاریدەدەر لە زانکۆی سۆران**

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: نەتەوەگەرایی و مافی هاوڵاتیبوون لە دەوڵەتی عوسمانی دا 1789 – 1908، لە پێشەکییەك و چوار تەوەر و چەند دەرئەنجامێك پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەم و دووەمدا، کورتەیەکی مێژوویی خراوەتە ڕوو، چەمکی نەتەوە و بیری نەتەوایەتی لە فەرهەنگە زمانەوانیەکان و سەرەتاکانی دەرکەوتنی بیروباوەڕە نەتەوەییەکان باسکراوە، هەروەها لە تەوەری سێیەمدا بە ناونیشانی ژیان و مافی هاوڵاتیبوونی دەوڵەتی عوسمانی، باس لە شێوەی ژیان و مافی هاوڵاتی بوون و نەتەوەکان کراوە. لە تەوەری چوارەمیشدا پاڵپشت بە سەرچاوەی تایبەت بە مێژووی فکر و جوڵانەوە نەتەوەییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، باس لە سەرهەڵدان و هۆکارەکانی گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی لە دەوڵەتی عوسمانیدا کراوە، لەم تەوەرەدا بە شێوەیەکی چڕ و بابەتیانە ئەو هۆکارانە باسکراون کە کاریگەرییان لەسەر گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی ئەو نەتەوانە هەبووە کە دەکەوتنە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانییەوە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە باس لە ژینگە و ڕەهەندەکانی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی دەکات، ئەو هۆکارانە دەخاتە ڕوو کە بوونەتە هۆی گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی لە دەوڵەتی عوسمانی دا.

لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە و زانیارییەکانی نێو ئەم توێژینەوەیەدا، چەند ئەنجامێك بە دەستهاتوون، لە دیارترین ئەنجامەکانیش ئەمانەن: بیری نەتەوایەتی زادەی شۆڕشی فەڕەنسی و ڕووداوەکانی دواتر بووە و کاریگەریان لەسەر گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی لە دەوڵەتی عوسمانی دا هەبووە، هەروەها کۆمەڵێ هۆکاری ناوخۆیی - دەرەکی و خراپی بارودۆخی ئابووری و ناسەقامگیری باردۆخی ولایەتەکان، ژینگەیەکی لەباری بۆ نەتەوەکانی دەوڵەت ڕەخساندووە کە لە دژی دەوڵەتی عوسمانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بەرپا بکەن. سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەکە میتۆدێکی زانستی و لێکۆڵینکارییە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی و مافی هاوڵاتیبوونی دەوڵەتی عوسمانی کۆڵیوەتەوە.

**کلیلی وشەکان:** چەمکی نەتەوە و نەتەوایەتی، بیری نەتەوەیی، ژیان و مافی هاوڵاتیبوون، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی

## پێشەکی:

هەر لە کۆنەوە ململانێی شارستانیەتییەکان بە چەند هۆکارێکی وەك: ئابوری، سیاسی، ئاینی، ڕەگەزی و کۆمەڵایەتی لە هەوڵی کێبڕکێ و فراوانکردنی هەژموون و دەسەڵاتەکەیان دابوونە، ئەم هۆکارانە ڕەهەندی زۆربەی شەڕ و بەریەکەوتنەکان بوونە، لەگەڵ گەشەکردنی کەرتی پیشەسازی و سەرمایەداری جیهانی، هۆکارەکانی ئاماژە بۆکراو ڕۆڵێکی کاریگەریان لە وروژاندنی بیری نەتەوەیی کۆمەڵگەکاندا بینیوە، لەسەر بنەمای ڕەگەزی بیری نەتەوەیی مرۆڤەکانی بە جوڵە خستووە، بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا وەك بابەتێکی هەستیار و گەرم هاتۆتە نێو ڕووداوەکانی جیهان، وەك هۆکارێکی کاریگەر چەند ئیمپراتۆریەتێکی هەڵوەشاندۆتەوە و سنووری چەندین وڵاتی لەسەر بنەمای نەتەوەیی دیاریکردووە، ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیش یەکێکبووە لەو ئیمپڕاتۆریانەی کە ڕووبەڕووی فشاری بزووتنەوەی نەتەوەییەکان بۆتەوە و لە ئەنجامیشدا چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی بە سەربەخۆی جیابوونەتەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە،** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی، چوار تەوەر و چەند دەرئەنجامێك پێکهاتووە، تەوەری یەکەم و دووەمدا، بە کورتەیەکی مێژوویی باس لە چەمکی نەتەوە و بیری نەتەوایەتی لە فەرهەنگە زمانەوانیەکان و سەرەتاکانی دەرکەوتنی بیری نەتەوایەتی کراوە، هەروەها لە تەوەری سێیەمدا بە ناونیشانی ژیان و مافی هاوڵاتیبوونی دەوڵەتی عوسمانی، باس لە شێوەی ژیان و مافی هاوڵاتی بوون و نەتەوەکان کراوە. لە تەوەری چوارەمیشدا پاڵپشت بە سەرچاوەی تایبەت بە مێژووی بیر و جوڵانەوە نەتەوەییەکانی دەوڵەتی عوسمانی باس لە سەرهەڵدان و هۆکارەکانی گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی لە دەوڵەتی عوسمانیدا، لەم تەوەرەدا بە شێوەیەکی چڕ و بابەتیانە باس لەوهۆکارانە کراوە کەوا کاریگەریان لەسەر گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی نەتەوەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا هەبووە. بە شێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە تایبەت نییە بە باسکردنی ڕووداو بزووتنەوە نەتەوەییەکان، جیاواز لە ناوەڕۆکی جوڵانەوە نەتەوەییەکان، تەنها باس لە ژینگە و ڕەهەندەکانی گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی دەوڵەتی عوسمانی دەکات.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە:** ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی وەك یەکێك لە ئیمپڕاتۆریەتە زلهێز و مەزنەکانی جیهان، ئیمپڕاتۆریەتێکی فرە نەتەوە بووە، لەگەڵ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی، نەتەوەکانی نێو ئەو ئیپڕاتۆریەتە سەنگەریان لە دەوڵەتی عوسمانی گرت و لە ئەنجامدا بە شێوەیەکی قۆناغ بەندی ئەو ئیمپڕاتۆرییەتەی بەسەر چەند بە وڵاتێکی نەتەوەییدا دابەشبووە، بیری نەتەوەییش هۆکاری سەرەکی ئەو دابەشکارییە بووە، بەم پێیە ڕەهەندەکانی گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی لە دەوڵەتی عوسمانی، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بووە، لەو بارەیەوە هەوڵدەدرێت لێتوێژینەوەی وردو بابەتیانە لە بارەی سەرەتاکانی بیری نەتەوەیی و مافی هاوڵاتیبوون لە دەوڵەتی عوسمانی دا بکرێت.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە جۆراوجۆرن،** هەموو ئەو سەرچاوانەی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان، باسیان لە بیری نەتەەیی و جوڵانەوە نەتەوەییەکانی دەوڵەتی عوسمانی کردووە بە شێوەی کتێب، گۆڤار و ئنتەرنێت بە زمانەکانی (تورکی، عەرەبی، کوردی و ئینگلیزی) سوودیان لێوەرگیراوە، لە بابەت ناساندنی زاراوە و چەمکەکانی نەتەوە و بیری نەتەوەییدا سوود لە فەرهەنگە زمانییەکانی عەرەبی، تورکی و ئینگلیزی وەرگیراوە، هەروەها لە بابەت مافی هاوڵاتیبوون و هۆکارەکانی گەشەسەندنی بیری نەتەوەییدا سوود لە چەندین سەرچاوەی هەمە جۆر وەرگیراوە، سەرچاوە (ئینگلیزی، تورکی و عەرەبییەکان) زانیاری باشیان لەوبارەیەوە باسکردووە.

## 1. چەمکی نەتەوە و بیری نەتەوایەتی لە فەرهەنگە زمانەوانیەکاندا

ناوهاتنی چەمکی ( نەتەوایەتی) لە ڕووی زمانەوانییەوە مێژووەکەی هێندە کۆن نییە، ئەوەی لە سەرچاوە زمانەوانییەکاندا تێبینی دەکرێت لە سەدەکانی پێشوودا بە هیچ شێوەیەك باس لە بیری نەتەوایەتی نەکراوە، هەرچەندە لە تەواوی شارستانیەتیەکان چەندین هۆز و نەتەوە لە چوارچێوەی کۆ دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە یەکەوە ژیاون و بەرگریان لە قەوارەکەی خۆیان کردووە، بەڵام نەتەوە و نەتەوەگەرایی بە مانا نوێیەکەی وەك چەمکێکی سیاسی و بزووتنەوەگەرایی لە نێو ڕووداوەکاندا بوونی نەبووە و دەرنەکەوتووە، لەبەر ئەوە دەکرێت بگوترێت، چەمکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی وەك چەمکێکی نوێ مێژووەکەی بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە. ئەم تێبینیەی کە باسکرا لە فەرهەنگە زمانەوانییەکانیشدا دەردەکەوێت؛ چ وەك چەمك چ وەکو مانا و پێناسە مێژوویێکی هێندە دووری نییە. هەرچۆنێك بێت بۆ زانینی مانای چەمکی نەتەوە و نەتەوایەتی دەبێ بگەڕێینەوە سەر فەرهەنگە زمانەوانیەکان. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە چەمك و بیری نەتەوایەتی بەبێ (نەتەوە) دروست نابێت، واتە بیری نەتەوەیی لە منداڵدانی نەتەوەیەکی یەك (زمان، خاك و ئاڵا)ەوە لە دایك دەبێت، بۆیە لە فەرهەنگەکاندا چەمکی (نەتەوە) و (بیری نەتەوایەتی) بە شێوەیەکی پەیوەندار وەك یەکدی هاتووە، بەهۆی ئەوەی بیری نەتەوایەتی لە ناواخنی نەتەوەیەکەوە باسکراوە، بۆیە پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لە نێوان چەمکی (نەتەوە) و (بیری نەتەوایەتی)دا هەیە.

لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی زمانی ئینگلیزیدا چەمکی نەتەوە بە (Nation) یاخود (National) هاتووە، ئەم دوو چەمکە بەو گرووپ و کۆمەڵە خەڵکە دەگوترێت، کە لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراوی خاکدا لە ژێر دەسەڵاتێکی کارگێڕییدا حوکمڕانی دەکرێن، بۆیە ناوەڕۆك و مانای ئەم چەمکە لە زۆربەی فەرهەنگەکانی زمانی ئینگلیزیدا هاوچۆنیەکن و جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نیە. سەبارەت بە چەمکی نەتەوایەتی یاخود بیری نەتەوایەتی لە زمانی ئینگلیزیدا (Nationalism)ی پێدەگوترێت، ئەم چەمکە بۆ ئەو گروپە سیاسییانە بەکاردێت کە لە کۆمەڵە خاڵ و مافێکی وەك (زمان، کلتور و مێژوو)دا هاوبەشن و بۆ گەیشتن بە مافەکانیان هەوڵی بە دەستهێنانی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دەدەن; (Michael, 2007, p 995 – 996 ; Oxford Dictionary, 2007, p284). لە زمانی فەڕەنسیشدا نەتەوە بە (Nation) ناسیۆن و نەتەوەگەرایش بە (Nationalisme) ناسیۆنالیسم هاتووە، ئەم دوو چەمکە لە ڕووی نووسین و ناوەڕۆکەوە هەمان مانای ئینگلیزیەکە دەبەخشن و یاوازییەکەشیان تەنها لە ڕووی دەربڕین و گۆکردنەوەیە، وشەی (Nation) یاخود (Nasci) لە بنەڕەتدا لە نێو زاراوەسازی لاتینیدا هاتووە و بەو کۆمەڵەیە دەگوترێت کە لە بواری کولتوری و مێژووییدا یەك ویست و داخوازی هاوبەشیان هەیە و لە لایەنی سیاسیەوە سەربەخۆن یاخود هەوڵی سەربەخۆیی دەدەن. هەروەها چەمکی ناسیۆنالیزم (Nationalisme)یش لە دوو وشەی (Nation) ناسیۆن و (lism) لیزمی زمانی فەڕەنسی پێکهاتووە، وشەی (Nation) ناسیۆن بە مانای نەتەوە و وشەی (lism) (لیزم)یش بە مانای بیروباوەڕ دێت وچەمکی (Nationalisme)یان پێکهێناوە، بۆیە تەواوی وشەی (Nationalisim) مانای بیروباوەڕی نەتەوەیی دەگەیەنێت، ئەم بیر و باوەڕە نەتەوەییە بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژی لە لایەن نەتەوە جودا خوازەکانەوە بەکاردەهێنرێت و لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی هەمە چەشنی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بڵاویدەکەنەوە (Endo, 2007, s 435 ; Abrişemi, s 15). بەم شێوەیە دەکرێ بگوترێ وشە و چەمکی (ناسیۆنالیزم)، کە لە زۆربەی زمانەکاندا شوێنی خۆی گرتووە، لە بنەڕەتدا چەمکێکە لە زمانی فەڕەنسییەوە وەرگیراوە و تێکەڵ بە زمانە زیندووەکانی دیکەی جیهان بووە. هەمان چەمك لە فەرهەنگ و زمانی عەرەبیشدا هەیە، کە لە بەرامبەر چەمکی (نەتەوە) (قوم) و نەتەوەگەراییش (قومیە) بەکار دەهێنرێت، بە گوێرەی فەرهەنگی (المنجد)ی عەرەبی، کە تایبەتە بە زمان و ناوداران ئەوا بیری نەتەوەیی بە بیروباوەڕێکی

سیاسی، کۆمەڵایەتی و هاوسۆزیبوون ناساندووە، لەسەر بنەمای هاریکاری ڕەگەز، زمان و بەرژەوەندی هاوبەش، هەوڵی کۆکردنەوە و دروستکردنی یەکێتیەکی نەتەوەیی دیاریکراو، دەدات (Şahabedin, 2005, s 914 ; El-Müncid, 2012, s 664). هاوشانی ئەم زمانانە، لە فەرهەنگی دامەزراوەی زمانی تورکی (TDK)یشدا، وشە و چەمکی نەتەوە (Millet) و نەتەوەگەراییش (Milliyetçilik)ی بۆ بەکاردەهێنرێت، لە باسکردنەکانی فەرهەنگی زمانی تورکیدا وەك ناوێکی ماددی و مەعنەوی هاتووە، چەمکەکە لە چوارچێوەی نەتەوە و وڵاتێکی نەتەوەیی پێناسەی بۆ کراوە، هەروەها بەو کۆمەڵە کەسانەش گوتراوە کە یەکێتی خاك، زمان، مێژوو و بەرژەوەندی هاوبەش لە سنوورێکی دیاریکراودا بە یەکیان دەبەستێتەوە، هەر لەو ڕوانگەیەوە لە زمان و فەرهەنگی تورکیدا چەمکی میللەتپەروەر و میللەتپەروەرلیك (Milliyetperver - Milliyetperverlik) بۆ پەیڕەوانی بیری نەتەوەیی بەکاردەهێنرێت (Türk Dill Kurumu, 1988, s 1026 ; TDK: 27 / 11 / 2017). لە سۆنگەی ئەو پێناسانەی کە لە فەرهەنگی زمانە جیهانییەکاندا هەیە، بەم شێوەیەی پێناسەی چەمکی نەتەوەیی (ناسیۆناڵیزم) دەکرێت: " نەتەوایەتی هەستکردن، لایەنگیر و خۆشەویستی نێوان کۆمەڵە خەڵك و گروپێکە، کە لەسەر بنەمای یەك ڕەگەز (عرق)، خاك، زمان، مێژوو و بەرژەوەندی هاوبەش لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراوی وڵاتێکدا بە یەکیان دەبەستێتەوە.

بەم شێوەیە ئەوەی لە فەرهەنگی زمانە زیندووەکاندا تێبینی دەکرێت مانای چەمکی نەتەوەیی لە ناوەڕۆك و مانادا بە جیاوازییەکی کەم تا زۆر لە یەك دەچن و یەك مانا دەبەخشن، بەڵام لە پراکتیك و جێبەجێکردندا هەر ڕێباز و قوتابخانەیەك ڕوانگەو تیۆرییەکی تایبەتی بۆ نەتەوایەتی هەیە، بەم هۆیەوە هەر کۆمەڵە و گروپێکی ئایدۆلۆژیا و ڕوانگەی تایبەتی خۆی پێناسە بۆ بیری نەتەوایەتی دەکات و لەگەڵ کارنامە و پرۆگرامەکانی خۆیدا دەیگونجێنێت (Thomas, 2004, s 152 – 155 ; Masa’ud, 2008, s 517 – 528). قوتابخانەی کۆمۆنیزم بە شێوەیەك پێناسەی دەکات و قوتابخانەی لیبرالیزم و ئیسلامی ڕوانگەیەکی دیکەیان بۆ نەتەوە و نەتەوایەتی هەیە، بۆیە ناتوانرێت پێناسەیەکی جێگیر و کۆنکریتی بۆ چەمکی نەتەوەیی دیاری بکرێت، هەروەها ڕاڤەکردنی ئەم چەمکە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە هەڵگری دید و ڕوانگەی تایبەت بە قۆناغەکەیەتی، بەجۆرێک هەر ووڵاتە و ڕوانگەی خۆی لەسەر ڕووداوە نوێیەکاندا دیاریکردووە و میتۆد و ئامانجەکانیشی لەسەر ئەو بنەمایە داڕشتووە.

بەم شێوەیە ئەوەی لە بیری نەتەوایەتیدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە خۆی لە دوو ڕووخسار یاخود دوو سیمادا دەنوێنێت، یەکێکیان لای نەتەوە ئازاد و دەسەڵاتدارەکانە، وەك شۆڤێنیزم کە تەنها نەتەوەی خۆیان بە باش دەزانن و بە پلە یەکی سەر نەتەوەکانی دیکەی جیهانی لە قەڵەم دەدەن و مافی هەموو نەتەوەکانی دیکە ڕەتدەکەنەوە، سیمای دووەمیش لە لای ئەو نەتەوانە دەردەکەوێت کە لە ژێر دەسەڵاتێکدا دەژین، وەك ناسیۆنالیزمی ناوچەیی کە پشت بەکەس نابەستن، تەنها خۆیان بە نەتەوە دادەنێن و ئارەزووی جیابوونەوە و دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکەن (Daruş, Bahadin, 2011, s152) . بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی لە پێناسەی (ناسیۆنالیزم)ی نوێی سەدەکانی نۆزدە و بیستەم تێبینی دەکرێت، ناسیۆناڵیزم بریتی بووە لە سێکوچکەی کاری (گەل، نیشتیمان، ئاڵا و دەوڵەت)* ، بۆیە پاڵپشت بەم سێ دروشمە دەوڵەتانی نەتەوەیی ویستویانە خۆیان وەك دەسەڵاتداری نەتەوەیی بناسێنن و هێز و دەسەڵاتی خۆیان نیشان بدەن (Abrişemi, s 20 – 21). دەرخستن و پیادەکردنی ئەم جۆرە خواستە لەسەر فەرامۆشکردنی بنەمای مافی هاوڵاتیبوون بووە، چونکە هەر کاتێك ناسیۆناڵیزم بووبێتە ڕێباز و ئەجێندای ئاشکرای دەوڵەتان، ئەوا بووتە هۆی نانەوەی دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆیی گەل و نەتەوەکانی لێکەوتۆتەوە (Abrişemi, s 15) . پێچەوانەی ناسیۆنالیزم و شوێنکەوتووانی بیری نەتەوەیی، ئەگەر دادگەری ماف و داخوازی نەتەوەکانی وڵاتێك بە بێ جیاوازی پیادە بکرێت، ئەوا وڵاتێك لەسەر بنەمای مافی هاوڵاتیبوون دروست دەبێت و هەر کەسێك بەبێ جیاوازی ڕەگەز و نەتەوە مافی خۆی وەردەگرێت، ئەو کاتە هەموو ئەو توندوتیژییانەی لە ئەنجامی

بیری نەتەوەییەوە سەر هەڵدەدەن وەك باوەڕێكی ناپەسند تەماشا دەكرێت. ئەو بیروبۆچوونانەی كە لەگەڵ خواست و بەها مرۆڤایەتیەكاندا یەكناگرنەوە بەرەو كاڵبوونەوە دەچن دوور لە هەموو بیر و ئایدۆلۆژیایەكی دەستكردی مرۆڤایەتی دەبێت بە هەمان ڕوانگەی ئایینە ئاسمانیەكان تەماشای مافی ڕەنگ و پێكهاتەی نەتەوەكانی سەر زەوی بكرێت و جیاوازیان لە نێواندا نەبێت، لەسەر بنەمای یاسا و دادگەری مافی هاوڵاتیبوون جیاوازی لە نێوانیاندا نەبێت، مرۆڤەكان لە هەر كوێی سەر زەوی دەژین ئازادی و سەربەخۆیی تەواوییان هەبێت، ئەوكاتە هیچ مانایەك بۆ بیری نەتەوەیی نامێنێتەوە و هەموو كەسێك هەست بە مافە سروشتییەكانی خۆی دەكات.

## 2. سەرەتاكانی دەركەوتنی بیری نەتەوایەتی

ڕەگ و ڕیشەی هەستی نەتەوایەتی بەر لە دەركەوتنی، لێرە و لەوێ تارادەیەك لە كۆندا بوونی هەبووە، بەڵام هەستەكە لە چوارچێوەی بەرگری هۆزگەرایی ناوچەییدا بووە، لایەنگرەكانیان بۆ بە هێزكردن و فراوانكردنی نفوزی دەسەڵات تێكۆشاون، بۆیە زۆربەی شەڕ و ناكۆكیەكان لە پێناو بەرگریكردن و پاراستنی دەسەڵات و دەستكەوتی ناوچەیەكی دیاریكراوی تایبەت بە هۆزەكان بووە، ئەم جۆرە هەست و جموجۆڵانە ئەگەر بە ناوزەدكردنیش نەبێت، بەڵام دەكرێت بخرێنە چوارچێوەی هەستی نەتەوایەتیەوە، وەك ئەوەی لە سەرچاوەكاندا دەردەكەوێت و تێبینی دەكرێت هیچ پاشماوە و جوڵانەوەیەكی نەتەوەیی لە سەدەكانی كۆن و ناوەڕاستدا بە ڕوون و ئاشكرایی دەرنەكەوتووە، لەبەر ئەوە دەكرێ بگوترێ چەمكی نەتەوایەتی بە ماناو پێناسە نوێیەكانی هێندە كۆن و دوور نییە. سەرەتای دەركەوتنی بیری نەتەوایەتی بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە (Endo, 2007, s 435). بە بۆچوونی هەندێ لە نووسەر و توێژەرانی بواری مێژوو، جوڵانەوە ڕۆشنبیرییەكانی سەدەی هەژدەهەمی ئەڵمانیایان بە شوێن پێ و جوڵانەوەی ناسیۆنالیزم ناوبردووە (Endo, 2007, s 444)، بەڵام وەك ئەوەی لە سەرچاوە مێژووییەكاندا دەردەكەوێت لە ماوەی ساڵانی (1760 – 1770)دا چەند دیاردە و جوڵانەوەیەكی نەتەوەیی بە كردارەكی دەركەوتوون، ژمارەیەك لە هاوڵاتی ئەوروپی بە شێوەی كۆمەڵە و گروپ لەسەر بنەمای مافی یەك نەتەوە و یەك ڕەگەزی خواستی نەتەوەییانەیان لە بەرزبوونەوە دابووە، لە دیارترین ڕووداوە گرنگەكانیش دابەشبوونی پۆڵۆنیا بووە لە ساڵی (1772)دا (Nuradin, 1967, s 27)، سروشتی كۆمەڵگەی پۆلونیا پێكهاتەیەكی تێكەڵاوی فرە مەزهەبی ئایینی و نەتەوەیی بووە و لەلایەن سیستەمێكی بێهێزی بنەماڵەیی بەڕێوە براوە، ئەم بەڕێوەبردنە كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بژێوی دروستكردووە و ژیانی خەڵك گران كردبوو، هەر ئەمەش بۆتە هۆی جوڵاندنی هەستی ئەو نەتەوانەی كە لە پۆڵۆنیادا ژیاون (Cvri, 2009, s 355 – 357).

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەكرێ فاكتەری كۆمەڵایەتی، وەك خراپی باری ئابووری و بژێوی ژیان كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر وروژاندنی هەستی نەتەوەیی نەتەوەكاندا دروستكردووە، بۆیە هەر وڵاتێكی فرە نەتەوەیی بێهێزی حوكمڕانی و نادادی تیادا بەدیكرا، ئەوا كەمە نەتەوایەتیەكان هەست بە نیگەرانی و پنپێكردنی مافەكانیان دەكەن، لە ئەنجامدا بۆ باشكردنی ژیان و گەڕانەوەی مافەكانیان هەوڵدەدەن، وێنەی ئەم سیمایە لە جموجۆڵی نەتەوەكانی پۆڵۆنیادا تێبینی دەكرێت، ئیتر لە پێناو گەڕاندنەوەی مافەكانیان چەند بزووتنەوەیەكیان بەرپاكردووە و هەوڵی بە دەستهێنانەوەی مافەكانیان داوە، ئەم چالاكی و جموجۆڵانە بە یەكێك لە هۆكارەكانی دابەشبوونی پۆڵۆنیا دادەنرێت. لە چوارچێوەی ئەم ڕووداوانەی ئەوروپا، بەشی هەرە زۆری بیریار و مێژوو نووسانی هاوچەرخ، بیری نەتەوەیی بە دیاردەیەكی فكری و سیاسی ناو دەنێن و لە ڕووی مێژووییەوە دەیگەڕێننەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم، بە تایبەتیش بۆ دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕەنسی

(1789)، هەروەها سەدەی نۆزدەهەمیش بە سەدەی پێگەیشتن و کامڵبوونی بیری نەتەوەیی (ناسیۆنالیزم) و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی ناوزەد دەکەن (Ca'fer, 2013, s 33 – 51 ; Abdulvahab, 1990, s 395 ; Buyid, 1966, s 19 ; Abdulkerim, 1970, s 149 ; Ahmad, 1988, s 201). ڕووداوی هەرە گەورە کە بیری نەتەوایەتی بە مەودایەکی بەرفراوانتر بڵاوکردبێتەوە، مەزنی و ڕەنگدانەوەی شۆڕشی فەرەنسی بووە، ئەم شۆڕشە بۆتە هەوێنی بیری نەتەوەگەرایی سەرجەم بزووتنەوە نەتەوەییەکانی دیکەی جیهان، زۆرێك لە نووسەر و توێژەران پێیان وایە کە شۆڕشی فەرەنسا و کارەکانی ناپلیۆن (1769 – 1821)، قوتابخانەی ناسیۆنالیزمی تەواوی ئەوروپا و جیهانن، ئەم بۆچوونەی کە نووسەر و توێژەران هەیانە دەکرێ بۆ ئەو یاسا و بنەما نەتەوەییانە بگەڕێتەوە کە لە شۆڕشی فەرەنسییەوە سەرچاوەیان گرتووە، بۆ نموونە: یەکێک لە ئایدۆلۆژیستەکانی شۆڕشی فەرەنسی (1789) نووسیویەتی و دەڵێ: **"نەتەوە یەکێتی نێوان تاکە کەسانێکە کە یاسایەك فەرمانڕەواییان دەکات و یەك ئەنجوومەنی یاسادانان نوێنەرایەتیان دەکات"**، کە وابوو بە پێی ئەم وێنایە بێ یەکێتی و شوناسی نەتەوەیی ڕێکخستنێکی سیاسییە و دەوڵەت پێشینەیەکی لۆژیکی بەسەر نەتەوەدا هەیە (Komalek Nusar, 2017, s 6). هەر چۆنێک بێت ئەم کۆدەنگیەی کە سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنسی دەگوترێت، دەکرێت بۆ خودی بیروڕای شۆڕشگێرانی فەرەنسا بگەڕێتەوە. بزاڤی شۆڕشگێری فەرەنسی دید و ڕوانگەیەکی تایبەتیان بۆ دەوڵەت و ناسیۆنالیزم هەبووە، لەو بارەیەوە دەڵێن: "دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی بەرزترین شێوەی ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، دەبێت هەموو لایەنگرییێکی خەڵك بۆ نیشتیمان بێت". لەسەر ئەو بنەمایە بەرژەوەندی نەتەوایەتی خراوەتە سەر بەرژەوەندیەکانی بنەماڵەی پاشایەتی و بەرژەوەندییە لاوەکیەکانەوە، لەو کات بە دواوە هاوڵاتیانی فەرەنسی خراونەتە ڕیزی سوپا و خوێندنگەی نەتەوەیی، ئاڵا و سرودی نیشتیمانی جێی ئاڵا و سرودی پاشایەتی گرتۆتەوە. بەم شێوەیە بیری نەتەوایەتی نوێ وەك بنەمایەکی شۆڕشگێری و ئازادی نەتەوەکان لە نێوان ساڵانی (1789 – 1815)دا لە ئەوروپا جێپێی خۆی گرت، دواتریش کاریگەریەکی گەورەی لەسەر هۆشیارکردنەوەی نەتەوەکان و بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی جیهان دروستکردووە. هاوکاتی بزووتنەوەی شۆڕشگێری فەرەنسی بیرۆکەیەك بڵاوبۆتەوە کە دەیگوت: "لانی کەم هەر گەلێك دەبێت دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە هێزی تایبەت بە خۆی هەبێت" (Fazil, Kazim, 2012, s 92 – 93). ئەم بیرۆکانەی کە لە شۆڕشی فەرەنسیەوە سەرچاوەیان گرتبوو، بووبوون بە بنەمایەکی بەهێزی ئەو نەتەوانەی کە لە ئەوروپا و جیهاندا هەبوون و هەیە، بەشێکی ئەو بیرۆکانە لە ڕوانگەی هەستی نەتەوەییەوە باسیان لە ئازادی گەلان کردووە، بۆیە لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا بنەما و بیروباوەڕی نەتەوەیی کارێکی وایان کرد، کە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا نەتەوەپەروەرەکان چالاکی ڕێکبخەن و هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بدەن، بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی چەندین بزووتنەوەی نەتەوەیی دروستکراون، سەرەتای ئەو جموجۆڵانەش لە نێو ئەو ئیمپراتۆرییەتە گەورانەوە سەریانهەڵدا، کە فرە نەتەوە بوون و چەند نەتەوەیەك لە نێو سنووری دەوڵەتەکەیاندا ژیاون، لە دیارترین دەوڵەتەکانیش ئیمپراتوریەتەکانی (نەمسا، ڕوسیا و عوسمانی) بوون (Nuradin, 1967, s 27) .

بە شێوەیەکی کردەیی کار و ئامانجی سەرەکی بیروباوەڕی نەتەوایەتی، کۆکردنەوەی ئەو نەتەوە پەرش و بڵاوانە بووە، کە بەسەر چەند ناوچەیەکی بڵاوی وڵاتێك یاخود چەند وڵاتێکی جیهاندا دابەشبوونە. بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودا هەوڵی بە دەستهێنانی خواستە هاوبەشە نەتەوەییەکانی خۆیانیان داوە، بۆیە نەتەوەگەرایی بە دیاردەیەکی نوێی کۆمەڵگەی ئەوروپی دادەنرێت. هەروەها لە نێوان بیروباوەڕ و بیردۆزەی بیری نەتەوایەتی و بیرو ئایدۆلۆژیەکانی دیکەی جیهاندا جیاوازیەك بەدی دەکرێت، نەتەوایەتی هاوشێوەی بیر و ئایدۆلۆژیەکانی دیکەی وەك (کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم و لیبرالیزم....هتد) بیرمەند و زانای تایبەتمەندی نەبووە، تاکو بیردۆزە و گریمانەی بۆ دابڕێژن و کۆمەڵگەکان ئاراستە بکات، بۆیە هیچ بیرمەندێکی تایبەتمەندی بواری ناسیۆنالیزمیی نادۆزیتەوە، کە پەیڕەو و تیۆریەکانی

یاخود ڕابەرایەتی یەکێك لەو بزووتنەوە نەتەوەییانەی کردبێت کە لە مێژوودا ڕوویانداوە، لەو بوارەدا ڕێبەر و بیرمەندێکی ناسیۆنالیستی دەرنەکەوتووە، کە ڕێبازەکەی بووبێتە قوتابخانەی ناسیۆنالیزمی جیهانی، ئەو بیرو بۆچوونانەی کە لەو بارەیەوە دەگوترێن و باسیان دەکرێت، هی دوای ئەو ڕووداوانەن کە بۆن و بەرامەی نەتەوەگەرایيان لێ بەدی دەکرێت، بۆیە تێکڕای ئەو نووسینانەی کە تایبەتن بە بواری نەتەوەگەرایی بە ڕوون و ئاشکرایی ئەو ڕەهەندەیان لێبەدی دەکرێت. بەم شێوەیە دەکرێ بگوترێ بیری نەتەوەگەرایی کار و دیاردەیەکی پێشوەختەی بەرنامەڕێژکراو نەبووە، بەڵکو دەرهاویشتەی ئەو دابەشبوونە کۆمەڵایەتی و ڕووداوە سیاسیانە بووە، کە وەکو دیاردەیەك لە شێوەی ژیانی کۆمەڵگەی ئەوروپادا دەرکەوتبوو (Endo, 2007, s 445) . هەر لەبەر ئەوەشە ناتوانرێت هیچ بیرمەندێك بۆ بیروباوەڕی نەتەوەیی دەستنیشان بکرێت، بەڵام وەك لە ڕووداوەکانی مێژوودا دەردەکەوێت، دوای سەرکەوتنی نەتەوەکانی ئەوروپا و چەسپاندنی پایەکانی ناسیۆنالیزم، چەندین وڵاتی نوێی نەتەوەیی لە ئەوروپا دروستکران، کە پەیوەندیی و کاروبارەکانی خۆیان لەسەر بنەمای نەتەوەیی داڕشتوەتەوە، لە ئەنجامی سەرکەوتنی ئەو بزووتنەوە نەتەوایەتییانەی ئەوروپاوە، دەروازە و تەوژمێکی گەورەی نەتەوەیی لە لایەن نەتەوەکانی جیهان و نەتەوەکانی دەوڵەتی عوسمانی دروستبووە.

### 3. ژیان و مافی هاوڵاتیبوون لە دەوڵەتی عوسمانی دا

دەوڵەتی عوسمانی وەك ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی، سنوور و ڕووبەرێکی فراوانی لە کیشوەرەکانی ئاسیا، ئەوروپا و ئەفریقادا هەبووە، هەر لە دەروازەکانی ڤیەننای ئەوروپاوە بگرە هەتا (بابولمەندەب)ی وڵاتی یەمەن، لە ناوچەکانی قەوقازەوە بگرە هەتا ئۆقیانووسی ئەتڵەسی، سەرەڕای ئەم شوێنانە تەواوی وڵاتە عەرەبیەکانی ئێستا و بەشێکی گەورەی باکووری ئەفریقیا بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بەڕێوە براون، ئەم بەرفراوانییەی سنووری دەوڵەتی عوسمانی وایکردبوو چەندین نەتەوە و ئاینزای جیاوازی وەك: تورك، چەرکەس، لاز، کورد، عەرەب و چەند نەتەوەیەکی دیکەی سلاڤی ناوچەکانی بەلقان لە چوارچێوەی یەك ئیمپراتۆریەتدا بژین. ئەم نەتەوانە خاوەن کلتور و تایبەتمەندی خۆیان بوون، بە گوێرەی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی جوگرافی ناوچەکانیان ژیانی خۆیان بەڕێوەبردووە، پێش دەرکەوتن و گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی، بەبێ هیچ کێشە و جیاکاری ڕەگەزی و نەتەوەیی مافی هاوڵاتیبوونیان لە دەوڵەتی عوسمانی دا هەبووە، بەم هۆیەوە دەکرێت مافی هاوڵاتیبوون لە دەوڵەتی عوسمانیدا بەسەر دوو قۆناغدا دابەش بکرێت، قۆناغی یەکەمیان لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانییەوە دەست پێدەکات هەتا پێش سەردەمی چاکسازی (تەنزیمات)، قۆناغی دووەمیشیان لە سەردەمی چاکسازییەوە دەست پێدەکات هەتا کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لەبەر ئەوە جیاوازییەکی زێدە مەزن لەم دوو قۆناغەدا دەردەکەوێت، لە قۆناغی پێش سەردەمی تەنزیمات هیچ جیاوازیەك لە نێوان نەتەوەکاندا نەبووە و هەموو هاوڵاتییەك مافی هاوڵاتیبوونی خۆی هەبووە، نەتەوەکان و کەمە ئاینییەکان لە ماف و شێوەی ژیانکردنی تایبەتی خۆیاندا ئازاد بوونە. بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی عوسمانی بە سەرجەم نەتەوە و کەمە ئاینییەکانەوە بەسەر ئەم سێ چین و توێژەی خوارەوە پۆلێن کراون:

1. نەتەوە موسڵمانەکان، کە بە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکانیان تۆمارکراون، هەموو مافێکی هاوڵاتیبوونیان هەبووە، هەرشوێن و ناوچەیەکی دەوڵەتی عوسمانیان ویستبوایە دەیانتوانی لێی بژین.
2. نا موسڵمانەکان و کەمە ئاینییەکانی دیکەی وەك: کرستیان و جوولەکە، لەسەر بیرباوەڕی خۆیان ماونەتەوە و لە ژێر سایە و سەرپەرشتی دەوڵەتی عوسمانی دا ژیاون و پێیان وتراوە (أهل الذمة)، لە بەرامبەر پێدانی بڕە پارەیەك کە لە

لایەن دەوڵەتەوە دیاریکرا بووە، ئەرك و مافیان پارێزراو بووە، واتە ئەو ئەرك و کارانەی کە موسڵمانەکان جێبەجێیان کردووە ئەوان لەسەریان نەبووە جێبەجێی بکەن و لە شەڕەکاندا بەشداریان نەکردووە.

3. ئەو کەسانەشی کە موسڵمان نەبوونە و لەسەر ئاین و بیروباوەڕی دیکە بوون لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی عوسمانی دا ژیاون بە شێوەیەکی کاتی مافی نیشتەجێ بوونیان پێدراوە، وەك هاوڵاتییەکی بێگانە لە ژێر سایەی دەوڵەتدا ماف و ژیانیان پارێزراوە.

کەمە ئاینییەکان بە گوێرەی بنەماکانی ئاینی ئیسلام مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، بە تایبەتی لە دوای ئازادکردنی (قوستەنتین) کە ئەستەمبوڵی ئێستای پێدەڵێن، سوڵتان محەمەد فاتح ئازادییەکی تەواوی لە بواری کارکردن و پەرستشە ئاینییەکان بە ڕۆم و کرستیانەکان داوە، جگە لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینی موسڵمانەکان و سەربازی پلە کارگێرییە باڵاکانی دەولەت هەموو مافێکی دیکەی هاوڵاتیبوونیان لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە، وێڕای ئازادی پەرستشە ئاینییەکان، وەك هاوڵاتییەکانی دیکە بۆیان هەبووە ببنە فەرمانبەری دەوڵەت، ئەم بارودۆخە هەتا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام بووە، لە دوای ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی فەرەنسی، چەند چاکسازی و فرمانێکی چاکسازی و هومایۆنی لە ژێر فشاری ناوخۆ و دەرەکی دەرچووە، بەهۆی ئەم چاکسازییانەوە مافی زیاتر بە کەمە ئاینییەکان بەخشراوە، چەندین کەسایەتی کەمە ئاینییەکان هەتا پایەی وەزیریش چوونە، لە چوارچێوەی ئەو چاکسازییانەدا چەندین خزمەتگوزاری لە بواری پەروەردە و ئاوەدانکردنەوەی پەرستگا ئاینییەکانی تایبەت بە کەمە ئاینییەکان ئەنجام دراون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Ak Gündüz, 2014, s 285 – 299 ; Levon, 2011, s 23 – 27 ; Fatih, 2006, s 19 – 41 ; Güler, 2003, s 9 – 29 ).

بابەتەکانی مافی هاوڵاتیبوون لە دەوڵەتی عوسمانی قسە و باسی زۆری لەسەر کراوە و دەکرێت، نووسەر و توێژەرانی بەسەر دوو ئاراستە دابەشکردووە، هەر یەکێکیان لە ڕوانگەی بیروباوەڕ و فکری تایبەتەوە لێکدانەوە و بۆچوونی خۆی لە بابەت مافی هاوڵاتیبوونی دەوڵەتی عوسمانی خستۆتەڕوو، بەهۆی جۆرایەتی پێکهاتەی نەتەوەیی و فرە ڕەگەزی دەوڵەتی عوسمانی بیروبۆچوونی نووسەر و توێژەرەکانی بۆ چەند بەرەیەك دابەشکردووە، بەرەی دژەکان لە سۆنگەی بیروباوەڕی ئایدۆلۆژی بووبێت یاخود نەتەوەیی باسیان لە پێکهاتە و ژیانی نەتەوەکان کردووە، چەند ڕووداوێکی خراپ و کەمی خزمەتگوزاری ناوچەیەکیان بەسەر تەواوی دەوڵەتی عوسمانی گشتاندووە، دەوڵەتی عوسمانیان بە داگیرکەر و پێشێلکار مافی نەتەوەکان زانیوە، یەکێ لە نووسەرەکانی ئەو بەرەیە، بە ناوی ئەلبێرت عیسایە، ئەم مێژوو نووسە کە کرستیانێکی بەڕەگەز عێراقییە باس لە مافی هاوڵاتیبوونی دەوڵەتی عوسمانی دەکات، بەبێ لەبەر چاوگرتن و جیاکردنەوەی قۆناغە مێژووییەکان هەڵسەنگاندنێکی دژبەرانەی بۆ مافی هاوڵاتیبوونی دەوڵەتی عوسمانی کردووە، لەو بارەیەوە دەڵێت: **"دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی پێناسەی نەتەوەیی یان ئایینیان هەرچیەك بوایە بە هاوڵاتی ڕاستەقینە دانەئەنران، بەڵکو دەبوو وەك مێگەل ملکەچی سوڵتانی عوسمانی بوونایە"،**

بیر و بۆچوونی ئەم نووسەرە تەنها قسەیە و هیچ بەڵگە و ڕووداوێکی مێژوویی و دۆکیۆمێنتکراوی لەو بارەیەوە باس نەکردووە (Elbert, 2008, s 26 - 32). بۆیە نووسینی ئەم بۆچوونانەی دەکرێ لە سۆنگەی دژایەتی و ئایدۆلۆژییەوە نووسرابن، یاخود دەکرێت لە ژێر کاریگەری ئەو سەرچاوانە دابووبێت کە لەسەر بنەمای دژایەتی دەوڵەتی عوسمانی نووسراون. بەرەی دووەمیان لە ڕوانگەی بێلایەنی و پاڵپشت بە زانیاری ڕووداوەکانیان هەڵسەنگاندووە، یەکێ لە نموونەکانی ئەم بەرەیە، مێژوونوسێکی ئەمریکی (دونالد کواترت) (1941 – 2011)ە، کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە بابەتەکانی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریکردووە، لە کتێبی (The Ottoman Empire 1700 – 1922) دا نووسیویەتی و دەڵێت: "ناکرێ دەوڵەتی عوسمانی بە دەوڵەتێکی داپڵۆسێنەر و خۆسەپێن پێناسە بکەین،

بەڵکو نموونەی پێکەوە ژیانی ئاینی و کۆمەڵایەتی هەموو نەتەوەکانی دەوڵەتی عوسمانی و جیهانی بووە" (Donald, 2004, s 5 – 6)، بۆچوونی ئەم مێژوونووسە ڕاستی ئەوە دەردەخات هەتا پێش تەقینەوەی شەپۆلی بیری نەتەوایەتی هیچ جیاوازییەکی نەتەوەیی و ئایینی لە دەوڵەتی عوسمانیدا نەبووە، لە کاتی هەبوونی هەر کێشە و گرفتێکیشدا زانایانی ئایینی و گەورە پیاوانی ولایەتەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان هانایان بۆ ناوەندی دەسەڵات و بابی عالی بردووە (Tahsin, 2007, s 40) . ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە ناوەندی دەسەڵاتی بابی عالی جیاوازیەکی ئەوتۆی لە نێوان نەتەوە و کەمە ئاینییەکانی دەوڵەتدا نەکردووە، وەك ئەوەی لە هەندێ سەرچاوەی بەڵگەنامەیی تێبینی دەکرێت، کەمە ئاینییەکان ئازادییەکی تەواوی پەرستشە ئاینییەکانیان هەبووە و خزمەتگوزاری و پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بۆ دابینکراوە (Levon, 2011, s 23 - 28) .

سەبارەت بە بەرەی سێیەمی بۆچوونەکان کە لەسەر دەوڵەتی عوسمانی نووسراون، ئەو نووسەر و توێژەرانەن کە بە جۆرێك لە جۆرەکان هاوسۆزی ئایینی و پەیوەست بوونیان بە دەوڵەتی عوسمانیەوە هەیە، هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکەنەوە کە لە بارەی پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی و مافی هاوڵاتیبوون دراونەتە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی، زۆربەی ڕووداوەکان بە هاوسۆزیی ئایینی لێکدانەوەیان بۆ کراوە. هەر لەو بارەیەوە ئەبوبەکر سۆفئۆغلو کە یەکێکە لە نووسەرە دیار و ناسراوەکانی تورك باس لە مافی هاولاتی بوونی نەتەوەکان دەکات و ئاماژە بە نەتەوە عەرەبەکان دەڵێت: عەرەبەکان بۆ ماوەی پێنج سەد ساڵ زیاتر لە ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی دا ژیاون و ملکەچی فرمان و بڕیارەکانی دەوڵەتیان کردووە (Sofoğlu, 2014, s 156) . لە سۆنگەی ئەو بۆچوونانەی کە لە سەرەوە باسکران، دەکرێ بگوترێ سەرجەم ئەو پێکهاتانەی کە لە دەوڵەتدا ژیاون بە شێوەیەکی ئاسایی پیادەی ئەرك و مافەکانیان کردووە، هەر شوێنێکی دەوڵەتیان بۆ ژیان ویستبوایە هیچ ڕێگری و بەربەستێکیان لە بەردەمدا نەبووە، بە ئارەزووی خۆیان کاروبارەکانیان ئەنجامداوە، بەبێ هیچ جیاوازی کردنێك نەتەوەکان لەگەڵ یەکدیدا ژیاون و فشارێکی ئەوتۆیان لەسەر نەبووە کە شیاوی باسکردن بێت، دەوڵەت ئەرك و مافەکانی لە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دیاریکردوون. ئەم شێوە ژیانە لە سەرەتاکانی هێز و دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیەوە بگرە تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی بەردەوام بووە، بەڵام دوای گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی و دروستبوونی چەند گروپ و ڕێکخراوێکی سەربەخۆ خواز و نەتەوەپەروەر، ڕێکخستنەکانیان فراوانکردووە و چالاکیان لە دژی دەوڵەت ئەنجامداوە، لە بەرامبەر ئەم چالاکیانەدا دەوڵەت هەموو ڕێوشوێنکی یاسایی و ڕێککاریی ملکەچپێکردنی لە بەرامبەریاندا گرتۆتەبەر، بەهۆی ئەم ڕێوشوێنانەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە جێبەجێکراون، ئەم سیاسەتەش بەلای وڵاتانی ڕۆژئاوا و شوێنکەوتەکانیان بە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و پێشێلکردنی مافەکان لە سەرچاوەکاندا باسکراون.

### 4. سەرهەڵدان و هۆکارەکانی گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی لە دەوڵەتی عوسمانیدا

بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخ و ئاسایشی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی تاکو سەدەی نۆزدەهەم تاڕادەیەك سەقامگیر بووە، لە سەدەی نۆزدەهەم بە دواوە، بەهۆی چەند هۆکارێکی دەرەکی و نێوخۆیی دەوڵەتی عوسمانی ڕووبەڕووی چەندین کێشەی سەختی ناوخۆیی و فشاری دەرەکی بۆتەوە، بەشێك لەو کێشە و فشارانە پەیوەندی بە گۆڕانکارییە جیهانییەکان و دەرکەوتنی بیروباوەڕی نوێوە هەبووە، یەکێك لەو بیروباوەڕە کاریگەرانە دەرکەوتن و گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی بووە. بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە، کاریگەرییەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەو گۆڕانکاری و ڕووداوانەوە هەبووە کە لە ئەوروپا بە گشتی و فەڕەنسا بە تایبەتی ڕوویانداوە،

پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسی، چالاکی و پڕوپاگەندەی کۆمەڵە و ڕێکخراوە بێگانەکان و کەمە ئایینی و نەتەوەییەکان بە ئامانجی جۆراوجۆری سیاسی لە دەوڵەتی عوسمانی دەستی پێکردبوو، تارادەیەك کاریگەرییان لەسەر زۆربەی بوارەکان و ژمارەیەك خەڵك دروستکردبوو، بۆیە لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسا، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە، بیری نەتەوەیی کاریگەرییەکی گەورە و ڕاستەوخۆی لەسەر نەتەوەکان بەجێ هێشتووە(Osmanlıca devleti; 29 kanuni duvami 2018) ، دوای هێرشی داگیرکاری سوپای فەڕەنسی و داگیرکردنی میسر (1798) لە لایەن ناپلیۆنەوە، کاریگەرییەکانی شۆڕشی فەڕەنسی و بیری نەتەوەیی لەسەر نەتەوەکانی دەوڵەتی عوسمانی زیاتر بووە، بۆیە دەکرێت بگوترێت ئەم داگیرکاریەی فەڕەنسیەکان بە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڕاستەوخۆی بیری نەتەوەیی لە دەوڵەتی عوسمانی دابنرێت. فەڕەنسیەکان کە بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە میسر (1798 – 1801) ماونەتەوە، کاریگەرییەکی مەزنیان لەسەر دەوڵەتی عوسمانی بە گشتی و میسر بە تایبەتی هەبووە، لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا گۆڕانکارییەکی هەمە جۆر لە بارودۆخی میسر ڕوویداوە، وێڕای ناردنە دەرەوەی قوتابیان و ئالوگۆڕی بیروباوەڕەکان، چەندین گروپ و بڵاوکراوەی مسیۆنێریان لە ولایەتە عەرەبیەکان بڵاوکردۆتەوە، لە ژێر پەردە و ناوی جیا جیادا باسیان لە خراپی و دواکەوتوویی دەوڵەتی عوسمانی کردووە(Hasan Halil Garib: 11 / 10 / 2018) . لە چوارچێوەی ئەم داگیرکاریەدا، ناپلیۆن کۆمەڵێك شارەزای لەگەڵ خۆیدا هێنابووە میسر، ئەو کەسانە بە سەرپەرشتی ناپلیۆن هەستی نەتەوایەتی مێژووی فیرعەونی و شارستانیەتیان لە لای میسریەکان وروژاندووە، بەم هۆیەوە بیرۆکەی ڕەگەزی ڕەسەنایەتی و نەتەوەیی لە لایەن میسریەکان دەرکەتووە(Husari, 1985, s 94 - 95). لە ئەنجامی ئەو هێرش و گۆڕانکاریانەی کە فەڕەنسییەکان لە میسردا ئەنجامیانداوە، ڕوانگەی میسرییەکان گۆڕانی بەسەر داهاتووە، بە تایبەت ئەو کەسانەی کە لە ئەوروپا خوێندبوویان و گەڕابوونەوە میسر، هەندێ لەو کەسانە کە لەگەڵ فەڕەنسیەکاندا کاریانکردووە، لە دژی دەسەڵاتی عوسمانیەکان لە میسر چالاکیان ئەنجامداوە، فەڕەنسیەکانیان بە پێشکەوتنخواز و دەوڵەتی عوسمانیشیان بە کۆنەپارێز و دواکەوتوو تەماشا کردووە، کاربەدەستانی عوسمانیان بە سەرچاوەی دواکەوتوویی و نەهامەتیەکان زانیووە، بەم شێوەیە بیری نەتەوەیی عەرەبەکانی میسر چۆتە قۆناغێکی نوێی گەشەسەندن، بە تایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، لە ژێر ئەو کاریگەرییانەدا (محەمەد عەلی پاشا) (1805 – 1846) و کوڕەکانی بە نیازی جیابوونەوە و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی عەرەبی لە دژی دەوڵەتی عوسمانی هەڵگەڕاونەتەوە (Corg, 1987, s 81 – 97 ; Ortaylı, 2013, s 109).

ئەوەی لەو بوارەدا ڕۆڵی هەبووە دامەزراوەی مسیۆنێری ئەوروپی بووە، گەڕیدە و ڕێکخراوە مسیۆنێرییەکان چالاکییەکی زۆر و چڕوپڕیان کردووە، سەرجەمیان لە هەوڵی بە ڕۆژئاوایکردن و گۆڕینی ڕوانگەی کۆمەڵگەی میسری دابوونە، (لورد کرۆمەر) (1841 – 1917)ی حاکمی ئینگلیزی (1880 – 1889)، لە هەوڵی گۆڕینی فکری ئیسلامی و گەشەپێدانی ئاراستە فکریەکانی نادینی دابووە، بە تایبەتی لەگەڵ ئەو زانا و نووسەرانەی کە لە نەوەی کەمایەتیەکانی میسر بوونە، (جۆرج ئەنتۆنیۆس) (1892 – 1941)، کە فەرمانبەری باڵوێزخانەی ئینگلیزی بووە لە میسر، کتێبێکی بە ناونیشانی (هۆشیاربوونەوەی عەرەب) نووسیوە (Marefa: 30 / 1 / 2018) ، هەروەها (یەعقوب روفائیل سەنوع) (1839 – 1912)ی بە ڕەگەز جوولەکە، وەك ڕێبەرێکی بواری شانۆ و ڕۆژنامەنووسانی میسری (Kemal Hamd: 31 / 1 / 2018)، بە سەرپەرشتی (کرۆمەر) گۆڤاری (نیشتیمانی میسری) دەرکردووە، لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەدا نەوەیەکی نوێ و شوێنکەوتەی ڕۆژئاوایی لە دایکبووە و ئاشنایەتیان بە فکری نوێ پەیداکردووە، لە ژێر کاریگەریەکانی ڕۆژئاوا جوڵاونەتەوە و چالاکیان ئەنجامداوە، بابەتە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانیان لە نێو خەڵکدا وروژاندووە، لەو بارەیەوە کرستیانە عەرەبەکانی شام و میسر ڕۆڵێکی کارایان هەبووە، لە یەك کاتدا پەیامی مسیۆنێری و تۆوی دووبەرەکی و بیری نەتەوایەتیان

لە ناو عەرەبەکاندا بڵاوکردۆتەوە، بە پاڵپشتی ڕۆژئاواییەکان چەندین توێژینەوەیان ئامادەکردووە، زۆربەی توێژینەوەکان جەختیان لەسەر سەروەری میسرییەکان کردۆتەوە (Ali, 2011, s 156 – 157 ; Baktaya, 2017, s 119 – 142) .

لە ئەنجامی ئەم جموجۆڵ و گۆڕانکارییانەی ئەوروپا و هێرشە داگیرکارییەکەی فەڕەنسا بۆ سەر میسر، دەنگی ئازادی و داخوازییە نەتەوەییەکان لە دەوڵەتی عوسمانی بەرزبۆتەوە. خواستی سەربەخۆیی نەتەوەکانی ناوچەی بەلقان و یۆنانی گرتبووەوە، نارەزایەتیەکانی بەلقان لە سەرەتادا بەهۆکاری ئاینییەوە بووە، ئەم هۆکارە لە لایەن وڵاتانی ئەوروپا و ڕوسیا بە ئامانج گیراوە و لە دژی دەوڵەتی عوسمانی وەك کارتێکی فشار بەکارهێنراون، یاخود دروستتر بڵێین ئەو نەتەوانەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە، یەکەمین یاخیبونی ناوچەی بەلقان، لەلای سربەکان (1804) و دواتریش لە لای یۆنانیەکانەوە (1820 - 1829) دەستی پێکردووە ([tarihportali: 20 / 1 / 2018)](tarihportali: 20 / 1 / 2018)) .

دوا بەدوای ئەو ڕاپەڕینە نەتەوەییانەی ناوچەی بەلقان، بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم چەندین چالاکی نەتەوەیی و جوڵانەوەی سەربەخۆیی لە ولایەتەکانی دیکە دەرکەوتوون، لە دیارترینیان ڕاپەرینەکانی شام، حیجاز و ناوچە کوردیەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Sino: 1998) . لەگەڵ ئەوەی ڕاپەرینەکانی ناوچەی بەلقان بە بیانووی ئایینی کریستیانی پاڵپشتی کراون، بەڵام نەتەوەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی کە زۆرینە موسڵمان بوون، لە لایەن وڵاتانی ئەوروپی پاڵپشتی کران و لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بە پێدانی ئازادی و مافی سەربەخۆیی لە دژی دەوڵەتی عوسمانی هاندراون. ئەوەی جێگای تێبینی و هەڵوەستە لەسەر کردنە هەڵوێستی وڵاتانی زلهێز و ڕۆژئاواییەکانە، بە هۆکاری نەبوونی ئازادی ئاینی پاڵپشتی نەتەوەکانی بەلقانیان کردووە و دەوڵەتی عوسمانیان بە پێشێلکردنی مافی کەمە ئاینییەکان تۆمەتبار کردووە، لە هەمان کاتیشدا بە هۆکاری نەبوونی ئازادی و مافی نەتەوەیی هانی نەتەوە موسڵمانەکانیان داوە کە لە دژی دەوڵەتی عوسمانی هەڵگەڕێنەوە، لەم سیاسەت و هەڵوێستانەیاندا تەنها ئامانجیان لێدان و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی بووە، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان هەموو جۆرە سیاسەت و چالاکییەکیان ئەنجام داوە. لە ڕوانگەی ئەو زانیاریانەی کە لەسەرەوە باسکران، دەکرێت بگوترێ تەشەنەسەندنی بیری نەتەوەیی دەوڵەتی عوسمانی لە دوو ڕێگادا بووە، ڕێگەیەکیان بۆ دەست تێوەردانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و وروژاندنی نەتەوەکان دەگەڕێتەوە، ڕێگەی دووەمیشیان بۆ سیاسەتی ئیتحاد و تەرەقی دەگەڕێتەوە، ئەو تورکە لاوانەی کە لە نێو حکومەت و دەسەڵاتدا پلەو پۆستیان هەبووە، ڕۆڵێکی دیاریان لە وروژاندنی نەتەوەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە گشتی و عەرەبەکان بە تایبەتی هەبووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Razvan, 2006, s 17 – 59) .

دەرکەوتنی ئەم ڕەوتە نەتەوەییەی تورکە لاوەکان، زۆر کاریگەر بووە، وەك ئەوەی لە ڕووداو و سەرچاوە مێژووییەکاندا دەردەکەوێت، هاوڵاتیانی بە ڕەگەز تورك تاکو پێش نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم هیچ ڕەوت و مەیلێکی نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستیان لە دەوڵەتی عوسمانیدا نەبووە، وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە بۆ ماوەی چەندین سەدە لە ژێر سایەی ئاینی ئیسلامدا ژیاون، هاوسۆزی ئاینیان لە پێش هەموو شتێکی دیکەوە بووە، لەو بارەیەوە (قەیس جەواد عەزاوی) پێی وایە هەتاکو پێش نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم تورکەکان هیچ هەستێکی نەتەوەیی و ڕەگەزیان نەبووە و دانیان بە تورك بوونی خۆشیاندا نەناوە، نووسەرەکە باس لە نموونەیەك دەکات و دەڵێت: **"زمانی تورکی هەر لە سەردەمی سەلجوقیەکانەوە بگرە تا کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی زمانی ئەدەب و زانست نەبووە، زۆربەی نووسراوە زانستی و ئەدەبیەکان بە زمانی عەرەبی و فارسی نووسراونەتەوە"**(A’zavi, 2003, s 125) .

ئەم بۆچوونە بەڵگەیەکە کە جیاوازی نەتەوە و بیرباوەڕی نەتەوایەتی لە دەوڵەتی عوسمانیدا نەبووە، هەتاکو پێش سەدەی نۆزدەهەم و بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی، زمانی تورکی عوسمانی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و کولتوریی لەسەر نەتەوەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا نەبووە، هەر ئەمەش وایکردووە کە نەتەوەکان پارێزگاری لە زمانی دایك و کولتوری

نەتەوەیی خۆیان بکەن، بەراورد لەگەڵ ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەی فەڕەنسی و ئینگلیزەکان زۆر جیاوازیان لە زمان و کلتووردا هەیە، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە سیاسەتی ڕەگەزی و نەتەوەیی لە دەوڵەتی عوسمانیدا نەبووە، میللەتان بەو پەڕی ئازادی و سروشتی لە دایکبوونیانەوە زمان و کلتوری تایبەت بە خۆیانیان پاراستووە. نووسەر و مێژوونوسێکی دیکەی ئەمریکی بە ناوی (لوسروب ستیودارد) (1883 – 1950) لە دەوروبەری ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا باس لە ساڵانی پێش سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی تورکی دەکات و دەڵێت: **"سێ تا چوار دەیەی بەر لە ئێستا هیچ شتێك لە ئارادا نەبووە کە بۆن و بەرامەی ناسیونالیزمی تورکی پێوە دیاربێت"**، لەو بارەیەوە قسەی کەسایەتییەك دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (ئارمینۆس ڤامبری)یم (1832 – 1913)**، بینی و بۆی گێرامەوە، کاتێك کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1856)دا سەردانی قوستەنتینیەی کردبوو، وشەی (تورکولوك / Türkülük) (تورکایەتی)ی کە بە چەمکە نوێیەکەی مانای ناسیۆنالیزمی دەگەینێت، لە نێو هاوڵاتیانی تورکی ئەو سەردەم وشەیەکی نامۆ بووە، لە نێو خەڵکیدا مانای دواکەوتوویی و نەزانی پێوە دیار بووە، لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا دەڵێت: ئەو کاتەی کە هەوڵی تێگەیاندنی خەڵکیم دەدا و تورکەکانم لە پاراستن و مەترسیەکانی لە ناوچوونی بنەچە و ڕەسەنی تورکایەتی هۆشیار دەکردەوە، خەڵکەکە کە مەبەست لێی تورکەکانە بە نارەزایەتییەوە وەڵامیان دەدامەوە و پێیان دەگوتم: "توخوا وازمان لێبێنە و مەمانخەرە ڕیزی قیرغیز و نەتەوەکانەوە" (Studard, 1973, s 111). لە سەرچاوەیەکی دیکەدا (ڤامبیری) باس لە نەتەوەکانی ئاسیای ناوەڕاست دەکات، لە ڕوانگەی ئەودا ئەو نەتەوانە دڕندە و دواکەوتوو بوونە، لەو کاتەدا یەکێك لە پاشا وردبین و بە سەرنجەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە قسەکەی (ڤامبیری) نیگەران دەبێت و پێی دەڵێت: "ئێوە نابێ ئێمە لەگەڵ قیرغیز و بیابان گەڕە بێ شارستانیەتەکانی تەتەرستان بەیەك چاو سەیر بکەن". هۆکاری ئەمەش بۆ تیۆری ژیۆپۆلەتیك و بیری پان عوسمانیزم دەگەڕێتەوە، تا ئەودەم نەتەوەی فەرمانڕەوا کە تورکەکان بوون جگە لە ناوهێنانی (میللەتی محەمەد) (د. خ) شتێکی دیکەیان نەبووە (Zarevand, 1996, s 19 ; Husari, s 92). لە سۆنگەی ئەم بۆچونانەدا بە هاوڕایی لەگەڵ بۆچوونی توێژەرێکدا دەکرێ بگوترێ، تورکەکان تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم جگە لە هاوسۆزیان بۆ ئاینی ئیسلام هیچ جموجۆڵ و هەستێکی نەتەوەیی و ڕەگەزییان نەبووە، دوای تەشەنەسەندنی بیری نەتەوەیی و بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە دەوڵەتی عوسمانی، ئەوروپاییەکان لە ڕێگەی نووسین و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و جوگرافیەوە، بایەخ و گرنگییەکی زۆریان بە ڕەگەزی تورك داوە، لە ئەنجامدا هەوڵەکانیان جێی خۆی گرت، دەرگای زیاتری دەوڵەتی عوسمانیان بۆ دەستتێوەردانەکان خستۆتە سەرپشت (Hakim, 2009, s 142 – 143). بەم شێوەیە دەست تێوەردانەکانی ئەوروپا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر چین و توێژە ئاینی و نەتەوەییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە، کۆمەڵگە و نەتەوەکانی بەسەر چەند ئاراستە و ڕەوتێکی چاکسازی و نەتەوەییدا دابەشکردووە، هەر ڕەوتێك لە ڕوانگەی بیروباوەڕ و ئامانجی خۆی کاریان کردووە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان گەورەترین فشاریان لەسەر دەوڵەتی عوسمانی دروستکردووە، ئەم فشارانە زۆربەی ولایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی گرتۆتەوە (Ahmad, 2005, s 359 – 404 ; el-Tel, 2002, s 19 ; Nedim, s 131 – 132).

سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتانە لە بەرئەنجامی تێکچوون و شڵەژانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەوە بووە، چالاکی و جوڵانەوەی ئەم ڕەوتانە کاریگەریەکی مەزنیان لەسەر دەوڵەت دروستکردووە، هۆکاری سەرەکی دابەشبوونی کۆمەڵگەی عوسمانی و دەرکەوتنی ئەم ڕەوتانەش بۆ بێ هێزبوونی سیستەمی سیاسی، سەربازی و ململانێی نێوان کاربەدەستان و ولایەتەکان دەگەڕێتەوە، دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێڕەوی پێشکەوتن و زانیاری دواخستووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر دامودەزگاکان دروستکردووە (Garib, 2000, s 207 – 208). هەرچۆنێک بێت بە پێی ئەو زانیاری و سەرچاوانەی کە بەردەستن، لە ژێر کاریگەریی پێشکەوتنەکانی ئەوروپا و دواکەوتنی سیستەمی پیشەسازی و ئابووری دەوڵەتی عوسمانی، چەند ڕەوتێك دەرکەوتوون، هەر یەکێك لەو ڕەوتانە لایەنگر و ڕابەری خۆی هەبووە، لەو پێناوەشدا بۆ

گەیشتن بە ئامانجەکانیان چەندین چالاکیان ئەنجام داوە و کاری جددیان لەو پێناوەدا کردووە (Garib, 2000, s 213 – 219)، لە ئەنجامی ئەو چالاکی و جموجۆڵانەدا چەند بەریەکەوتنێکی فکری لە نێوان لایەنگرانی ڕەوتی بە ڕۆژئاوایکردن و کاربەدەستانی دەوڵەتدا ڕوویداوە، وێڕای هەبوونی چەند ڕێکخراوێکی نهێنی لە ناوخۆی دەوڵەت، وڵاتانی ئەوروپا بە گشتی و فەرەنسا بە تایبەتی بنکەی سەرەکی ئەو ڕێکخراوانە بووە کە هەوڵی بە ڕۆژئاوایکردنی دەوڵەتیان دەدا (Arsalan, 2015, s 34 – 35 ve s 41 – 46).

ئەوەی لێرەدا جێگای تێبینی هەڵوەستە کردنە، لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئاڵۆزی و ململانێیەکی توند لە نێوان ئەوروپا و دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە، وڵاتە زلهێزەکانی (بەریتانیا، فەڕەنسا و ئەڵمانیا) لە ڕێگەی وروژاندنی بیروباوەڕی جیاواز و نەتەوەیی نەتەوەکانەوە لە هەوڵی کۆنترۆڵکردن و بە هێزکردنی ڕەوتی دژە عوسمانی دابوونە، لە بەرامبەریشدا دەوڵەتی عوسمانی هەموو هەوڵێکی بۆ کپکردنەوەی نارەزایەتی و ڕێکخستنی کاروبارەکانی دەوڵەت خستبووە گەڕ، بە جۆرەها شێوە هەوڵی کۆنترۆڵکردن و لە ناوبردنی پیلانگێڕییەکانی ئەوروپای داوە، بەو ئامانجە چەندین پلان و بەرنامەی چاکسازی ڕاگەیاندووە، لە دیارترین پلان و چاکسازییەکانیشی سەردەمی تەنزیمات بووە (1839 – 1876)، لەم ماوەیەدا چەندین چاکسازی ئەنجامداوە. بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو ڕاو بۆچوونانەی کە لە هەمبەر بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی دەوڵەتی عوسمانی دەگوترێن زۆر ڕوون و ئاشکرا نین. لە بابەت سەرەتای هاتنی بیری نەتەوەیی دا ڕۆژ و ڕووداوێکی مێژوویی دیارنەکراوە، وەك لە پێشەوەی باسکرا هەندێ لە نووسەران هێرشی فەڕەنساییەکان بۆ داگیرکردنی میسر بە سەرەتای هاتن و بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی لە دەوڵەتی عوسمانی دادەنێن، وەك ئەوەی لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی بۆ دەکرێت، لە دوای نەتەوەکانی ناوچەی بەلقان، پێش هەموو نەتەوەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی، تورکە لاوەکان بیری نەتەوەییان وەرگرتووە و بڵاویانکردۆتەوە، لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکانی ئەوروپا چالاکی و جموجۆڵی ئازادی و نەتەوەییان ئەنجامداوە، دوای ئەوانیش نەتەوەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی بیری نەتەوەییان لەلا گەڵاڵە بووە و دەستیان بە جموجۆڵی نەتەوەیی کردووە(Studard, 1973, s 79 – 80). لە بابەت هۆکارەکانی سەرهەڵدان و خێرا تەشەنەسەندنی بیری نەتەوەیی نەتەوەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی، لە کاردانەوەی ئەو سیاسەتە ناسیۆنالیزمیە تورکیە دروستبووە کە لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا ئاراستە کراون، ڕۆژئاواییەکان بە شێوەی تیۆری و دیسپلین بەرنامەیەکی تۆکمەیان بۆ بیری نەتەوەیی تورکەکان دارشتووە، لەسەر ئەو بنەمایە ئەوروپییەکان بایەخێکی تایبەتیان بە ڕەگەز و ڕەسەنی مێژووی تورکەکان داوە، جەختیان لەسەر زمان، مێژوو و ئەدەبی تورکی کردۆتەوە، ئەمانەش بوونەتە ئیلهام و هێمای نەتەوەیی نەوەی نوێ تورکەکان، لە ئەنجامدا بنچینەی ناسیۆنالیزمی تورکە لاوەکان و ناسیۆنالیزمی تورکی گەشەی زیاتری بە خۆیەوە دیوە (Hakim, 2009, s 144). لەسەر ئەو بنەمایە بەشێك لە ناسیۆنالیستانی تورك ئاوێتەی ئەو بابەتە ئەدەبی و زمانەوانیانە بووە کە لە لایەن ئەوروپییەکانەوە بڵاودەکرانەوە، بەم هۆیەوە زمان و ناسیۆنالیزمی تورکی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا قۆناغێکی نوێی بە خۆیەوە بینیوە. لەم ماوەیەدا (ئارسەر دەیڤد لوملی) (1811 – 1832)*** کە ڕۆژهەڵاتناسێکی بە ڕەگەز جوولەکەی ئینگلیز بووە، کتێبێکی بە ناونیشانی (ڕێزمانی زمانی تورکی) نووسیوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Davids, 2013)، لەم کتێبەیدا بنەما و ڕێساکانی زمانی تورکی بە شێوازێکی نوێ دارشتووە، دوای ئەم نووسینەی لوملی و چەندین کتێب و وتارێکی دیکە کە لە لایەن ئەوروپییەکانەوە بڵاوکراونەتەوە، کاریگەریان لەسەر نەتەوەکان دروستکردووە، یەکێك لە دیارترین نووسەرەکان (دەیفید لیون کاهون)ە (1841-1900) *** بووە، ئەم نووسەرە لە بنەڕەتدا ڕۆژهەڵاتناسێکی بە ڕەگەز جوولەکەیە، وەك ڕۆژهەڵاتناسێك گەشتێکی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ڕۆژهەڵات ئەنجام داوە، ساڵی (1863) سەردانی میسری کردووە، لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانیدا بایەخێکی تایبەتی بە ڕەگەزی تورك و تەتەرەکان داوە (jewishencyclopedia: 24 / 1 / 2018).

هاوشانی ئەم دوو ڕۆژهەڵاتناسە، چەند بیر و بۆچوونێكی دیكە جەختیان لەسەر مێژووی شارستانیەتی نەتەوەی تورك و میسرییەكان كردۆتەوە، دوای نووسین و بڵاوكردنەوەی ئەم كتێب و وتارانە ئاراستەیەك پەیدا بووە كە مێژووی نەتەوەیی و زمانێكی تایبەت و سەربەخۆیان بۆ ڕەگەزی تورك بە پێویست زانیوە، بۆ یەكخستنی هەموو هۆزە توركمانییەكان هاوسۆزی نەتەوەیی و نیشتیمانیان كردۆتە بناغە و ئامانجی كاركردن، ئەم ئاراستەیە لە ئەنجامی ئەو بابەتانەوە سەریهەڵدا كە لە لایەن نووسەرەكانی ڕۆژئاوا بڵاوكراونەتەوە، بە تایبەت ئەو وتارانەی كە لە بارەی نەتەوەی تۆران و ناسیۆنالیستی تۆرانی بڵاو دەكرانەوە، هەندێ لە سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە بۆ یەكەمجار (تۆران) و (تۆرانیزم) بە مانا ناسیۆنالیستیەكەی لە ئەورووپا دەركەوتووە، ئەم چەمكە وەسفی نیشتیمانێكی نموونەیی دەگەیاند كە هەموو تورك زمانەكانی جیهان لە خۆ بگرێت. دوای ئەم چەند بڵاوكراوانە چەندین كتێب و لێكۆڵینەوەی دیكە لە ئەورووپا بڵاوكراونەتەوە، لەسەر زمان، مێژوو و ئەدەبی تۆرانیان نووسیوە، ناونیشانی (تۆرانیەت)یان بە شێوەیەكی فراوانتر لە ناونیشانی ڕەگەزی (تورك)ەكان پێناسە كردووە (Levis, 1992, s 193 – 194). هەر لەو بارەیەوە پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی جولەكەی نەمساوی (ئەرمینۆس ڤامبێری) (1832 – 1904) بكەین، ئەم كەسایەتییە پەیوەندیەكی تایبەتی لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا هەبووە، بە جلی دەروێشێكی توركی بە ناوی (ڕەشیدە فەندی) زۆربەی شوێنەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست گەڕاوە، ئەنجامی گەشتەكەی كتێبێك بووە بە ناونیشانی: **"گەشتی دەروێشێكی لاو لە ئاسیای ناوەڕاست"**، لە دووتوێی ئەم كتێبەدا دیدگا و تیۆرە تایبەتییەكەی خۆی خستۆتە ڕوو، لەم كتێبەدا داوای پێویستی دروستبوونی یەكێتی نەتەوەیی توركی كردووە، تیۆریە تایبەتەكەشی ناوناوە (پان توركیزم) كە لە دەریای ئیجەوە درێژ دەبێتەوە تاكو سنووری چین، بەو پێیەی تیۆرییەكە دژ بە فراوانبوونی قەڵەمڕەوی ڕووسیا بووە، بەریتانیەكان پشتگیری ئەم تیۆرەیان كردووە. ڤامبری چەندین ڕەخنەی لە ئاینی ئیسلام گرتووە، وەك كۆسپ و ڕێگری سەرەكی دروستبوونی یەكێتی توركەكانی زانیوە، ئەوەی ڕاگەیاندووە كە ئیسلام پێچەوانەی نیشتیمان پەروەرییە، لە ئیسلامدا نیشتیمان پەروەری نیە، بۆیە ئاسان نیە وڵات و نیشتیمانە نوێیەكان بە گوێرەی ئایینی ئیسلام دروست بكرێن، بەم هۆیەوە ئامۆژگاری ناسیۆنالیستە توركەكانی كردووە كەوا پێویست دەكات واز لە ئاینی ئیسلام بهێنن، بۆ ئەوەی ئاینی ئیسلام كەسایەتی نەتەوەییان لێ وەرنەگرێتەوە، دەبێ پارێزگاری لە ڕەگەزی نەتەوایەتی خۆیان بكەن، ئەم بۆچوونەش لە لایەن ناوەند و دەستە بژێرانی سیكۆلاری توركی دەنگی داوەتەوە و پشتگیری لێكراوە، بە تایبەت لە لایەن گەنج و هزرمەندانی ناسیۆنالیزمی توركی. بەم شێوەیە بیری نەتەوەیی لە هزری توركەكان دەركەوتووە، ژمارەیەك لە نەتەوەپەروەكانی تورك دەركەوتوون، لە ژێر كاریگەرییەكانی بیری نەتەوەیی دا چەندین ڕۆژنامە و بڵاوكراوەیان لە دژی فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی لە دەرەوەی وڵات دەركردووە.

ئەم بیروباوەڕە لە پێش سەردەمی مەشروتیەی (1908) و ساڵانی دواتر بوو بە ئایدۆلۆژیا و بوونیادی كۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی نوێی دەوڵەت، سەرئەنجام بنەما سەرەكیەكانی دەوڵەتی عوسمانی لاوازكرد و نەتەوەكانی لێكترازاند، تەنانەت دواتر بووە هۆی وێرانكردن و ڕووخانی یەكجارەكی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی (jewishencyclopedia: 24 / 1/ 2018 ; Hakim, 2009, s 145 – 146). هەر لەو بارەیەوە ڕۆژهەڵاتناسی ناسراوی ئینگلیزی (برنارد لویس) (1916 – 2018) دەڵێت: "بەر لە گەیشتنی هزری خۆرئاوایی بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی بیرۆكەی ناسیۆنالیزم هیچ بوونێكی نەبووە، تەنانەت تاوەكو سەرەتای سەدەی بیستەم، توركەكان و عەرەبەكان هەستیان بەوە نەكردووە كە لەگەڵ یەكدی نامۆبن، عەرەبەكان ئەوەیان بە لایەوە ئاسایی بووە كە بەشێك بن لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەروەها بە هۆی ئاینی هاوبەشەوە توركەكانیش شانازییان بە عەرەبەكانەوە كردووە، كولتور و زمانی عەرەبیان بە یەكێك لە نیشانەكانی پێشكەوتن و گەشەكردن زانیوە" (Levis, 1992, s 128 – 134).

ئەم ڕاو و بۆچوونەی برناد لویس بۆ نەتەوە دیکەش ڕاستە، بە هۆی نەبوونی جیاوازی نەتەوەیی، سولْتان و کاربەدەستانی دەوڵەت زۆر بە لایانەوە ئاسایی بووە کە پلەی دادەوەری و چەند پلەیەکی دیکەی باڵای دەوڵەت بە کەسایەتی جیاواز لە نەتەوەی تورك بدەن، هەر ئەمەش وایکردووە کە تاکو سەدەی نۆزدەهەم، هیچ جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی لە دژی دەوڵەتی عوسمانی بەرپا نەکراوە، بەڵام دوای سەرکەوتنی هەوڵەکانی ئەوروپا و بڵاوبوونەوەی بیری ناسیۆنالیزمی لە دەوڵەتی عوسمانی، قۆناغێکی نوێ لە جوڵانەوەی نەتەوەیی لە دەوڵەتی عوسمانی دەرکەوتووە، خوێندەوار و دەستەبژێری نەتەوەکان دەستیان بە خۆ ڕێکخستنەوە و چالاکی کردووە، هەروەکو لە پێشەوە باسکرا بزووتنەوە نەتەوەییەکانی ناوچەی بەلقان و جموجۆڵی عەرەبەکانی میسر و شام بە کاریگەرترین جوڵانەوەکانی نەتەوەیی دەوڵەتی عوسمانی ئەژمار دەکرێن. هەر لە چوارچێوەی جوڵانەوە نەتەوەییەکاندا، کوردەکانیش چەند جوڵانەوە و ڕاپەڕینێکیان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەرپا کردووە، بە پێی سەرچاوە مێژوویەکانی کورد، جوڵانەوەکانی (عەبدولرەحمان پاشای بابان (1806)، محەمەدپاشای میری سۆران (1832)، میری بۆتان لە (1842)، جوڵانەوەکانی بنەماڵەی بەدرخان و شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە (1880)دا) بە بناغە و سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی کوردەکان دەستنیشان دەکرێن، هەموو ئەو بزووتنەوە نەتەوەیانەی کورد وایانکرد کە دەستەبژێرێکی کارا و خوێندەواری کورد لە ناو بنەماڵە و میرنشینەکانی (سۆران، بابان و نەهری) دەربکەون، ئەمەش وەرچەرخانێکی نوێ بووە لە بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەیی کورد، ئەم جوڵانەوانەی کورد بۆ یەکەم جار و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە جوگرافیا و زێدی کوردەکان دەرکەوتووە و لە بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی سەنگەریان گرتووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Botani, 2006, s 33 – 44 ; Karadaği, 2007, s 75 – 174 ; Aliyavayi, 2004, s 63 – 158).

بە شێوەیەکی گشتی هەموو جوڵانەوە نەتەوەییەکانی دەوڵەتی عوسمانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی هانداوە کە بچنە نێو بازنەی بیری نەتەوایەتییەوە، جەماوەر و لایەنگیری جوڵانەوە نەتەوەییەکانی دژ بە دەوڵەت زیادیکردووە و هەستی نەتەوایەتی نەتەوەکانی دەوڵەت بەرەو هەڵکشان چووە، بۆ نموونە: یەکێك لە مێژوونووس و ئەفسەرە کوردەکان کە لە پلە باڵاکانی دەوڵەتی عوسمانی کاریکردووە، (محەمەد ئەمین زەکی بەگ)ە (1880 – 1948) *****، لە پێشەکی کتێبی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان)دا دەڵێت:

> **"لە دوای ئەمە، کە لە جێگای تەعبیری عمومی (عوسمانی) لەفزی (تورك) و (تورانی) لە تورکیادا باوی سەند، بە تەبیعەت، وەکو ئەفرادی میللەتەکانی تر، منیش لە ناو ئەو کۆمەڵەدا، غیرەتی خۆم چاکتر حس کرد، وە غروری قەومی، مەجبوری کردم کە لە هەموو فرسەتێکدا ئەم حسەی خۆم ئیزهار بکەم، بەڵام دەرحەق بە ئەصل و تاریخی قەومەکەم هیچم نەئەزانی، چونکە تا ئەو وەقتە نە لە مەکاتیبدا فکرێکی وامان درابوویە و نە لە دوایشدا زەرورەتی تەدقیقی تاریخی کوردمان، وە کەلیمەی جامیعەی (عوسمانلی) ئەعصابی قەومیەی هەموومانی تا دەرجەیەك خاوکردبۆوە".** بەم هۆیەوە چەندین جار ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد کە قەومی کورد لە چ نەتەوەیەك بووە و لە مێژوودا چی بەسەر هاتووە (Zeki Bag, 2000, s 7).

بە لەبەر چاوگرتنی ئەم بۆچوونەی محەمەدئەمین زەکی و سەرجەم ئەو هۆکارانەی کە فشاریان لەسەر دەوڵەتی عوسمانی دروستکردووە، گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی و بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە کاریگەرترین هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی، هۆکاری نەتەوایەتی بەرەی دژایەتی لە ناوخۆ و دەرەوەی زیادکردووە، وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە ئارەزووی خۆیان پلانی کارەکانیان لە دەوڵەتی عوسمانی جێبەجێ کردووە، لە ڕێگەی کۆنتڕۆڵکردنی دامەزراوە و فەرمانگەکانی پۆستە و گەیاندن، ئەوروپاییەکان ئەو وتارانەیان بڵاوکردۆتەوە کە لە دژی دەوڵەتی عوسمانیدا

نووسراون، بابەتە نەتەوەییەکان یەکێکبوونە لەو بابەتانە، لەو بارەیەوە (ساتیع ئەلحوسەری) ئاماژە بە کاریگەری ئەو نووسین و بابەتانە دەکات کە لە لایەن ئەوروپییەکانەوە بڵاوکراونەتەوە، لەژێر ئەو کاریگەریانەدا ئاماژە بە دەرکەوتنی ڕەوتێکی ترسناکی نەتەوەیی تورکی دەکات و دەڵێت: ئەم ڕەوتە لە ژێر کاریگەری نووسراوەکانی ناسیۆنالیزمی ئەوروپی دەرکەوتوون، نووسەرانی ئەوروپی بایەخێکی تایبەتیان بە مێژووی پێش ئیسلام بوونی تورکەکان داوە، لەو بارەیەوە چەند نووسەرێکی ڕۆژئاوایی وایان نیشانداوە کە تورکەکان بە راورد بە پێش هاتنی ئاینی ئیسلام موسڵمان بوونیان زۆر پێشکەوتووتر بوونە، لەو بارەیەوە هەر بابەتێکی کە تایبەت بووە بە مێژووی پێش مسولمان بوونی تورکەکان ڕازاندویانەتەوە و بڵاویانکردۆتەوە (Husari, 1992, s 93 – 94).

بەم شێوەیە ئەوەی لە چالاکی زۆرێك لە ڕۆژئاواییەکاندا تێبینی دەکرێ، سەردەمی پێش ئیسلام بوونی نەتەوەکانیان بە ئامانج گرتووە، بۆیە بابەتەکانی پێش ئیسلامبوونی تورکەکانیان لە نێو نەتەوەی تورك بڵاوکردۆتەوە، لە چەندین سەرچاوەدا مێژووی تورکەکانیان لە پێش ئاینی ئیسلامەوە باسکردووە، ئەو بابەتانەی کە باس لە پێکهاتەکانی کولتوری و نەتەوەیی تورك دەکەن، ڕاستەوخۆ دەیگەڕێنەوە بۆ پێش ئیسلام بوونی تورکەکان، واتە پێش گەیشتنیان بە ئەنادۆڵ (Hakim, 2009, s 149) لە چوارچێوەی ئەم هەوڵانەدا ژمارەیەك لە نووسەر و بیرمەندە لاوەکانی تورك دەرکەوتوون و هەستی نەتەوایەتی نەژادیان لە لای نەوەی نوێ وروژاندووە، خوێندکار و لاوەکانیان وا تێگەیاندووە کە نەژادیان (تورك)ە نەوەك (عوسمانی)، زمانیان (تورکی)یە نەوەك (زمانی عوسمانی)، مێژوو ڕەگ و ڕیشەیان دەگاتەوە (هۆن) و (هیسۆنگ نون) کە ناویان لە ساڵنامەکانی وڵاتی چین دا هاتووە (Zarevand, 1996, s 20).

لەسەر ئەو بنەمایە ڕەوتێکی نەتەوەیی لە گەنج و لاوەکانی تورك پێگەیشتوون و لە ژێر کاریگەری بابەتە نەتەوەییەکان کۆمەڵە و ڕێکخراویان دامەزراندووە، دوای فراوانبوون و بەهێزبوونی ڕێکخستنەکانیان چالاکییە نەتەوەییەکانیان فراوانکردووە، بەشی زۆری ئەو کەسانەی کە ڕابەرایەتی بیری نەتەوەیی تورکیان کردووە، لە بنەچەدا بە ڕەگەز تورك نەبوونە و لە نەتەوە جیاوازەکانی دیکە بوونە، دەرکەوتنی ئەم جۆرە سەرکردانە جێگای گومان و هەڵوەستە لەسەر کردنن، ئەمانە وەك (تابووری پێنجەم) ******، بۆ لێدان و بێ هێزکردنی دەوڵەتی عوسمانی دەستنیشانکراون و ڕاهێنان و ڕێنمایی تایبەتیان پێدراوە، هاوکاتی ئەم جیاوازیە ڕەگەزیە، بەشێکیان لە ڕووی ئاینیشەوە جیاواز بوونە و موسڵمان نەبوونە، بۆ نموونە: (ئەحمەد ڕەزا)ی (1858 – 1930) (Malkoç, s 95 – 125 ; nedirler: 29 / 1 / 2018)، سەرکردە لە بزووتنەوەی ئیتیحاد و تەرەقی لە ڕەگەزی چەرکەسی نەمساوی بووە. (ئەنوەر پاشا) (1881 – 1922)، یەکێکبووە لە دیارترین سەرکردەکانی ئیتحاد و تەرەقی، کەسێکی بە ڕەگەز پۆڵۆنی بووە، بۆ ماوەیەك موسڵمان بووە و دواتر هەڵگەڕاوەتەوە. (جاوید پاشا) (1862 – 1932) و (عەمانوێل کەرەسو) (1862 – 1934)، دوو لە سەرکردە باڵاکانی ئیتحاد و تەرەقی بوون، لە بنەچەدا دەگەڕانەوە سەر جولەکەکانی (دونمە)، پۆستی گرنگی وەك وەزارەتی داراییان پێسپێردرا بوو. (تەلعەت پاشا) (1874 – 1921)، کە پلەی وەزیری ناوخۆ و وەزیری جەنگی وەرگرتووە، کە یەکێکبووە لە ستوونە دیارەکانی کودەتا، لە بنەچەدا قەرەجێکی بولگاریی بووە. هەروەها (زیا گوك ئەلب) (1876 – 1924)یش کە کوردی دیاربەکر بووە، یەکێکبووە لە بەرنامە داڕێژەرانی بیری ناسیۆنالیستی سیکۆلاری تورکی، بەبێ ڕەچاوکردن و گرنگیدان بە ڕەگەز و ئاین لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی وەستاوەتەوە، هەموو توانایەکی خۆی لەوبارەیەوە تەرخانکردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Zarevand, 1996, s 26 – 32 ; Karpat, 2011, s 34 – 36 ve 199 – 208). بەم شێوەیە ڕۆژئاواییەکان لە ڕێگەی وروژاندنی هەستی ناسیۆنالیزمی تورکەکان توانیان سەرکەوتن بە دەست بهێنن، پاڵپشت بەو سیاسەت و پیلانانەی کە دایانڕشتبوو، دووبەرەکی و ڕق و کینەیان لە نێوان نەتەوەکانی دەوڵەتی عوسمانی بڵاوکردۆتەوە، بە سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە) بیری نەتەوایەتیان لە نێوان تورك و نەتەوەکانی دیکەی دەوڵەتی

عوسمانی ورژاندووە، دووبەرەکی نێوان گەلان بڵاوکردۆتەوە ( Ali, 2006, s 159 – 158 ; britannica: 29 / 1 / 2018nedirler: 2018 / 1 / 29 ) ، بۆیە هەموو ئەو بزووتنەوە نەتەوەییانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانی دا بەرپا کران، یەکێتی سیاسی و کۆمەڵایەتی نێوان نەتەوەکانی لە یەریەك هەڵتەکاندووە، ئەو نەتەوانەی کە بۆ ماوەی چەندین سەدە لە چوارچێوەی یەکێتییەکی کۆمەڵایەتی، ئاینی، کارگێری و سیاسیدا بە یەکەوە دەژیان، لەسەر بنەمای نەتەوەیی خۆیان ڕێکخستۆتەوە، بە ئامانجی سەربەخۆیی و پچڕاندنی پەیوەندی یەکجارەکی، یەکێتی و پێکەوە ژیانی چەند سەدەی دەوڵەتی عوسمانی هەڵوەشاندۆتەوە(Martin, 2004, s 341) .

**ئەنجامەکان:**

لە ژێر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە و بە دواداچوونەکانی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەدا، ئەم ئەنجامانەی خوارەوە بە دەستهاتوون:

1. بیری نەتەوەیی زادەی شۆڕشی فەرەنسی و ڕووداوەکانی دواترە، بۆیە سەرەتای دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ڕاستەوخۆی بیری نەتەوەیی لە دەوڵەتی عوسمانی بۆ هێرشەکانی ناپلیۆن و داگیرکردنی میسر 1798 دەگەڕێتەوە، لە دوای داگیرکردنی میسر بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە سەدەی نۆزدەهەم گەشەسەندنیان بەخۆیانەوە دیتووە، لە ماوەی ساڵانی (1830 – 1908)دا زۆرترین بزووتنەوەی نەتەوەیی و جوداخوازی لە دەوڵەتی عوسمانی دەرکەوتوون.
2. هەتاکو پێش دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی هیچ جموجۆڵ و بیروباوەڕێکی نەتەوەیی لە دەوڵەتی عوسمانی هەستی پێناکرێ، هەر بۆیە سەردەمەکە بە قۆناغی پێکەوە ژیانی ئاینی و نەتەوەیی دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت، لەم ماوەیەدا نەتەوەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە چوارچێوەی بنەمای ئاینی و یاسا بەرکارەکانی دەوڵەت مافی هاوڵاتی بوونیان هەبووە.
3. گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی لە دەوڵەتی عوسمانی دا بۆ کۆمەڵێ هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی دەگەڕێتەوە، خراپی باروودۆخی ئابووری و ناسەقامگیری باردۆخی ولایەتەکان لە لایەك و فشار و دەست تێوەردانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە لایەکی دیکە هۆکارێکی کاریگەر و ڕاستەوخۆ بووە بۆ بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی، ژینگەیەکی لەباری بۆ نەتەوەکانی دەوڵەت ڕەخساندووە کە لە دژی دەوڵەتی عوسمانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بەرپا بکەن.
4. فراوانبوونی نارەزایەتی و بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان بە کاریگەرترین هۆکاری بێ هێزکردن و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت، دوای بێ هێزبوونی توانا بەرگرییەکان، چەندین دەوڵەتی نوێ لە دەوڵەتی جیابوونەوە و لەسەر بنەمای نەتەوەیی سنووری وڵاتەکانیان دیاریکرد.

- **پەراوێزەکان:**

* ئەم چەند دروشمانە بنەمای کاری زۆربەی نەتەوەکانی چەند سەدەی ڕابردوو بووە، لە سۆنگەی ئەم دروشمانەدا بزووتنەوە نەتەوەییەکان چەندین چالاکی و جوڵانەوەی فراوانیان بەرپاکردووە، بۆیە نووسەرانی بواری نەتەوەگەرایی ئەم دروشمانەیان بە بنەماو هێمای بیری ناسیۆنالیزم ناساندووە (توێژەر).

**(ئارمینۆس ڤامبری) جولەکەیەکی بە ڕەگەز نەمساوی بووە، لە (19 مایسی 1832)دا لە دایکبووە، توانایەکی بەرزی لە فێربوونی زمانەکاندا هەبووە، نزیکەی دوازدە زمانی زانیوە، کلتور و داب و نەریتی تورکی خۆشویستووە، دوای گەڕانەوەی بۆ نەمسا وەك ماموستای زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان لە زانکۆی (بودابست) دامەزراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( 3 / 4 / 2018 findagrave:) .

*** ڕۆژهەڵاتناسێکی بە ڕەگەز جوولەکەی ئینگلیزی بووە، ساڵی (1811) لە شاری لەندەن لە دایکبووە، بە هۆی بڵاوبوونەوەی لە ناکاوی نەخۆشی کۆلێرا لە تەمەنێکی زوودا لە ساڵی (1832) مردووە، لە سەرەتای تەمەنی هەرزەکاریەوە بایەخێکی زۆری بە لێکۆڵینەوەی هونەری، موسیقا و فەلسەفە داوە، لە تەمەنی پازدە ساڵیدا، (موسوعەی کتابی پیرۆزی ئامادە کردووە، لە هەمان کاتدا بایەخ و گرنگی بە زمانی تورکی و زمانە بیانیەکاندا داوە، ئارەزووی لە پیشەی پارێزەری بووە و دەستی بە پیشەی پارێزەری کردووە. ( 24 / 1 / 2018jewishencyclopedia: )

**** (دەیفید لیون کاهون) لە ساڵی (1841)دا لە هەرێمی ئەلزاسی فەرەنسا لە دایکبووە، ساڵی (1900) لە پاریس کۆچی دوایکردووە، لەگەڵ ئەوەی لە بنەماڵەیەکی نیمچە سەربازی لە دایکبووە، بەشداری شەڕی نێوان فەرەنسا و پروسیای کردووە، بەڵام بە چەند هۆکارێکی تایبەت بە خانەوادەکەی، بواری جوگرافیا و مێژوویی هەڵبژاردووە، دوای ئەنجامدانی چەند گەشتێکی بۆ ڕۆژهەڵات چەندین وتاری تایبەت بە گەشتەکانی بڵاوکردۆتەوە، لە دیارترین کتێبەکانی بە ناونیشانی: رحلە الی الجبال العلويين 1876) نووسیوە، ئەم کتێبە وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی و دووجار چاپکراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ( 24 / 1 / 2018jewishencyclopedia:)

***** (محەمەدئەمین کوری حاجی عەبدولرەحمان مەحمود سادقی باپیر)ە، ناسراوە بە محەمەدئەمین زەکی بەگ، کەسایەتێکی بە ڕەگەز کوردە، ساڵی (1879)، لە سەنجقی (سلێمانی) سەر بە قەزای (کەرکوك)ی ولایەتی (موسڵ) لە دایکبووە، سەرەتای خوێندنی لە حوجرە دەستپێکردووە و دوای دەرچوونی لە ڕوشدیەی سەربازی بەغدا، مەکتەبی حەربیەی لە ئەستەمبول تەواو کردووە، چەندین پلەی سەربازی لە سوپای دەوڵەتی عوسمانی وەرگرتووە، بەشداری چەند شەڕێکی کردووە، بەهۆی ئەوەی دەستی لە هونەری وێنەکێشاندا هەبووە بەشداربووە لە ئامادەکردنی نەخشەی ئەستەمبوڵ، هەروەها ئەندام بووە لە کۆمسیۆنی سنووری بولگارستان و ڕوسیا، بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو پلەیەدا کاریکردووە. لە ماوەی کاری دەوڵەتیدا چەندین مەدالیا و خەڵاتی ڕێزلێنانی وەرگرتووە. دوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانی، ساڵی (1924) گەڕاوەتەوە عێراق و لە شاری بەغدا نیشتەجێ بووە، بە هۆی لێهاتوویی و شارازاییەوە چەند پلەیەکی سەربازی و کارگێری باڵای لە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقی وەرگرتووە. محەمەد ئەمین هاوشانی ئەم کارانەی وەك نووسەرێکی سەربازی چەندین نووسینی لە ڕۆژنامەی (وەقت)دا بڵاوکردۆتەوە، وێرای نووسینی ئەم بابەتانە چەند کتێبێکی مێژووییشی نووسیوە. ساڵی (1948) لە سلێمانی کۆچی دوایکردووە. بۆ زانیاری زیاتری ژیانی بڕوانە: (Zeki Beg, 2000, s 265 – 266 ; Salih, s 6 – 9).

****** گوزارشتێکی سیاسییە و هێمایەکە بۆ کەسانی خیانەتکار و ئاژاوەچی، بە ئەو گروپ و پارتە سیاسیانە دەگوترێت کە لە بەرژەوەندی و قازانجی دوژمنی دەرەکی دژ بە وڵاتی خۆیان ناپاکی دەکەن و وەك شەڕێکی دەروونی ترس و تۆقاندن لە نێو خەڵك و وڵاتەکەیاندا بڵاو دەکەنەوە، مێژووی ئەم چەمکە بۆ شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا (1935 – 1939) دەگەڕێتەوە.

**Serçavekan**

**A: Ktêbekan**

A’zavi, Keyîs Cavad el-A’zavî (2003). el-daule el-Osmanîye Karaa Cedîde Lila’uaml İnhitat, taabaa sanîye, Beyrut.
Abdulhalik, Mesud, (2008). Mavsua’i Cudî, Çapî Yekem, Blavkravey Nûsîngey Tefsîr, Erbil.
Abdulkarîm, Ahmad, (1970). El-kaumîye val mazahib el-siyasîye, matbaa elskafîye, Kahire.
Abdulvahab el-Kayalî, (1990). Mausaa el-siyasîye, tabaa salisa, Beyrut.
Abrîşemî, Abdulla Abrîşemî, Netevehvazî, Vergêranî: Selahedîn Aştî, Çapî Yekem, Çaphaney Şvan
Ahmad, İbrahîm Halîl, (2005). Tarîh el-vatan el-a'rabî Fîl a'hd osmanî 1516 – 1916, Dar İbn asîr Liltiba’a valnaşr.
Akgündüz, Ahmed, (2014). El-vasayik Tntk Bilhakayek, İmak ofsît, İstanbül
Ali, Osman, (2011). El-haraka el-kürdîye el-ma’asr dirasat Tarîhîye vsaikîye1833 – 1946, tabaa sanîye, maktabe el-tafsîr Lilnaşr valilan, Erbil.
Aliyaveyî, Abdulla, (2004). Kürdistan Leserdemî Devletî Osmanîda Le Naverastî Sedey Nozdehemeve Ta Cengî Yekemî Cîhan, Senterî Lêkolînevey Stratîjî Kürdstan, Slêmanî.
Baktiaya, Adil, (2017). Osmanlı Suriyesi'nde Arapçılğın Doğuşu Sosyal – Ekonomik Değişim ve Siyasi Düşünce, 1. Baskı, İletişim Yayınları, İstanbul.
Botani, Abdulfetah Ali, (2006). Seretakanî Hestî Netevayetî Kurd Le Mêjuuy Nvêda, Vergêranî: Selah Omer, Çapî Yekem, Çaphaney Minare, Hevlêr.
Bozarsalan, Hamit, (2015). Ortadoğu: Bir Şiddet Tarihi Osmanlı İmparatorluğu’nun Sonundan El-Kaiyde'ye, Çeviren: Ali Berktay, 4. Baskı, İletişim Yayınları, İstanbul.
Buyid, Şîfer, (1966). El-kaumîye (A'rz Va tahlîl), Tercüme: Ca'far Hasbak va A'dnan el-humeyîrî, Dar Maktaba el-hayat Bilmşarka Maa' Mosasa Franklin, Bagdad – Nîvork.
Ca'fer, Alî, (2013). Nasyonalîzm Û Nasyonalîzmî Kurdî, Çapî Duvam, Çaphaney Rojhelat, Hevlêr.
Corc, Antonîyos, (1987). Yakza el-arabiye, Tercüme: Dr. Nasraldîn Asd va Dr. İhsan A'bas, tabaa samina, Daru A’lam Lilmlayîn, Beyrut.
Cvrî, Bravn, (2009). Puhtey Mêjuuy Eurupa Le Koneve Ta Emro, Vergêranî: Nihad Celal Hebîbu Allh, Çapî Yekem.
Dabağyan, Levon Panos, (2011). Sultan Abdülhamid Han ve Ermeniler, 3. Baskı, Kum Saatı, İstanbul.
Darîvş, Aşurî u Dr. Bahadîn Pazargad, (2011). Ferhengî Nvê, Vergêranî: Burhan Kanii', Çapî Çvarem, Slêmanî.
Davids, Arthur Lumley, (2013). Türk Dili Grameri, Çeviren: Serdar Yavuz Diğerleri, Birnci Baskı, Yayınevi, Nobel Akademik Yayıncılık.
Donald, Kuataert, (2005). The ottoman empire 1700 – 1922, second edition, Cambridge University.
Donald, Kvatrt, (2004). El-davla el-osmaniye 1700 – 1922, Tercüme, Aymen el-Arminazî, Maktaba el-A’ubeykan, Ryaz.
Elbêrt, Îsa, (2008). Nasyonalîzmî A’rabî Le Împratoryetî Osmanyeve Bo İrakî Serdemî Faşîzm, Çapî Yekem, Çaphaney Sardam, Slêmanî.
El-müncid fî elluğa val aa'lam, (2012). Tabaa el-hams val arbaa’un, dar almişk, Beyrut.
Endo, Vînsînt (2007). Aydolojiya modêrne siyasîyekan, vergêranî: Omer Mevludî, çapî yekem, çaphaney Mukryanî, Hevlêr.

Eriksen, Thomas Hylland, (2004). Etnisite ve Milliyetçilik Antropolojik Bir Bakış, Çeviren: Ekin Uşaklı, 1. Baskı, Barış Matbaacılık, Istanbul.
Fatih, Akın (2006). Türkiye'de Azınlık Politikaları 6 – 7 Eylül Olayları, 1. Baskı, Kum Saati, İstanbul.
Fazil, Hüsen Û D., Kazm, Haşm Na'me, (2012). Mêjuuy Nvêy Eurupa 1815 – 1939, Vergêranî: Mustafa Sa'îd Alî, Çapî Dvam, Çaphaney Çvarçra.
Garib, Hassan H., (2000). Fî Sabîl İ'laka Slmiye Beyîne A'ruba Val İslam Bahs Fî Tarîh Val aydolociya, tabaa Avla, Dar el-tulayaa' Liltibaa' Valnaşr, Beyrut.
Güler, Ali, (2003). Osmanlı Cumhuriyete Azınlıklar, Baskı Poyraz Ofset, Ankara.
Hatum, Nuradîn, (1967). Tarîh el-Harakat el-Kaumîye, el-Tabaa' Avla, Darulfikr el-hadîs, Lübnan, Cüzü 1.
Husari, Abu Haldun Sati, (1985). Ela'ruba Avlan, tabaa' sanîye, Markaz Dirasat el-vahda Arabîya, Beyrut.
Husari, Abu Haldun Sati, Muhazrat Fî Nşu el-fikre kumîye, tabaa' sanîye, Merkez Dirasat el-vahda A'rabyîe, Beyrut.
Karadaği, A'ta Karadaği (2007). Gutarî Nasyonalîzmî Kurdî, Çapî Yekem, Çaphaney Renc, Slêmanî.
Karpat, Kemal H., (2011). Osmanlı Günümüze Ortadoğu'da Millet, Milliyet, Milliyetçilk, 1. Baskı, Timaş Yayınları, İstanbul.
Komelêk, Nûser, (2017). Nasyonalîzm Rêbazêkî Siyasî Bo Bniyatnanî Vlat, Çapî Yekem, Çaphaney Serdem, Slêmanî.
Levis, Bernard Levis, (1992). Islam in history (ideas, people, and events in the Middle East, second edition, Chicago.
Malkoç, Eminalp, (2007). Doğu – Batı Ekseninde Bir Osmanlı Aydını: Ahmet Rıza Yaşamı ve Düşünce Dünyası
Martin, Richard C., (2004). Encyclopedia of Islam and the Muslim Vorld, Macmillan Reference, United States of America.
Michael, Rundell, (2007). Macmillan Engish Dictionary, second edition.
Ortaylı, İlber, (2013). İmpratorluğun Son Nefesi Osmanlı'nın Yaşayan Mirası Cumhuriyet, 3. Baskı, Timaş Yayınları, İstanbul.
Oxford Dictionary, (2007). Third edition.
Razvan, Valîd, (2006). El-İ'lakat el-A'rabîye el-Türkîye, tabaa aval, Lübnan.
Sino, A'bdulrauf, (1998). El-Nza'at el-kiyanîya el-İslamîye Fî el-daule el-Osmanîye 1877 – 1881, Bilad Şam, Hicaz, Kürdistan, Albaniya, Taba'a avla, Bîsan Lilnaşr Valtauzî', Bîrut.
Slti, Süheyir el-tel, (2002). Haraka el-kaumîyîn A'rab Va İna'tafatha el-fkrîye, tabaa sanîye, Markaz Dirasat el-vahda Arabîy'a, Beyrut.
Sofuoğlu, Ebubekir, (2014). Balkanlar'da Kuşatma Var, 1. Baskı, Babıali Kültür Yayıncılığı, İstanbul
Studard, Lusrub, (1973). Hazr A'lam el-İslamî, Tercüme: A'Cc Nuiyhez, tabaa rabiya'a Beyrut, Cild 2.
Şahabadîn, Abu A'mru, (2005). El-muncid, tabaa avla, Beyrut.
Tahsin, Paşa, (2007). Sultan Abdülhamid Tahsin Paşa'nın Yıldız Hatıraları, Beşinci Baskı, Boğaziçi Yayınları, İstanbul.
Türk Dil Kurumu, (1988). Türkçe Sözlük, Türk Tarih Kurumu Basım Evi, Ankara, Cilt 2.
Zahır, Ahmad Cemal, (1988). Dirasat Fî falsafe elsiyasiye, tabaa' eval, Dar va Maktaba elkndî, Arbd.
Zarevand, Zarevand, (1996). Turançetî u derkevtn, Aydolojiya Û Bername, Vergêranî: Ebubekir Hoşnav, Çapî Yekem, Hevlêr.

Zekî Beg, Muhammad Emîn, (2000). Hulaseyekî Tarîhî Kurd Û Kürdistan, Çaphaney Serdem, Slêmanî.

**B: Govarekan**

Hekîm, Ahmad, (2009). Derbarey serheldanî hzrî nasyonalizm, "Mêjû" (govar), jmare (12)î payzî.

Salih, Sdîk, Emîn Zekî Beg kêye, "Rovar" (govar), jmare (73), Slêmanî

**C: Pêge Elîktronîyekan.**

Hassan Halîl Garîb, el-a'vaml el-tarîhîye aletî ashamat fî takvin el-fikr alkaumî el-a'rbî, http://arabrenewal.info 11 / 10 / 2018.

Kamal Hamd, ya'kub Sanua' (1838 -1912): Aa'lamî yhudî Msrî nasr el-saura el-mahdîye, http://sudaneseonline.com 31 / 1 / 2018.

https://www.findagrave.com 3 Nîsanî 2018

http://nedirler.com 29 kanunî duvemî 2018 .

http://www.Tdk.Gov.Tr 27/11/2017

http://www.tarihportali.org 20 / 1 / 2018

http://www.jewishencyclopedia.com 24 / 1 / 2018

http://www.jewishencyclopedia.com 24 / 1 / 2018 .

http://nedirler.com 29 / 1 / 2018.

https://www.britannica.com/biography/Ziya-Gokalp 29 / 1 / 2018

http://www.osmanlidevleti.gen.tr 29 / 1 / 2018

https://www.marefa.org 30 / 1 / 2018